بسم الله الرحمن الرحیم

**دارولئیسلام و دارولکوفر**

# دارولئیسلام و دارولکوفر

کـتـێـبـــــی: دارولئیسلام و دارولکوفر
نوســـــــینی: عبدالقادر عبدالعزیز
وەرگێڕانـــــی: مامۆستا کرێکار
ساڵـــــــی: ١٤٣٩ك-٢٠١٨ز

ژانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی
zadyreman
www.zadyreman.com

# دارولئیسلام
# و دارولکوفر

نووسینی:
عبدالقادر عبدالعزیز

وەرگێڕانی
کرێکـــــار

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجَالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديدَاً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزَاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمد وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّارِ.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٦ |
| بنەمای دابەشکردنی جیهان بۆ دارالاسلام و دارالكفر | ٨ |
| هەبوونی دار الاسلام مەرجی هەبوونی دارالكفر نییە | ١٤ |
| بەڵگەی دابەشکردنی جیهان بۆ دارالاسلام و دارالكفر | ١٥ |
| پێناسەی دارالاسلام و دارالكفر | ٢٢ |
| پوختەی هۆی حوکمدان بەسەر وولاتاندا | ٣٣ |
| بەشەکانی دارالكفر | ٣٩ |
| بەشەکانی دارالاسلام | ٤٣ |
| گۆڕینی سیفەتی وولات و حوکمی | ٤٥ |
| کاریگەریی دەسەڵاتداریێتی کافران بەسەر دارالاسلامدا | ٤٩ |
| وولاتی ئاوێتە | ٥٥ |
| ئەو ئەحکامە شەرعییانەی لەسەر جیاوازی وولاتانن | ٦٢ |
| کۆتایی | ٧٧ |

## پێشەکی وەرگێر

نوسەری بەڕێز دەفەرموێ: (باسەکانی دارالاسلام و دارالکوفر لەم سەردەمەدا شێواندنی زۆری بەسەردا هاتووە، بە تایبەتی لە لایەنی ئەوانەوە کە لاف و گەزافی ئیجتیهاد لێ دەدەن، لەوانەی بە ڕۆژهەڵاتناسەکان سەرسام بوون و بە دیدی لێڵ و ڕێچکەی بنبەستی ئەواندا ڕۆیشتوون، بۆ ئەوەی بە حسابی خۆیان جۆرە پێکەوە سازانێک لە نێوان ئەحکامەکانی ئیسلام و یاساو ڕێسای کافراندا بکەن، بە تایبەتی لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت یاسای نێودەوڵەتی ونەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی دیکە کە چەواشەکارانە بانگهێشتی پێکەوە ژیان و ئاشتی نێو دەوڵەتی و یاساغ کردنی جەنگی هێرشبردن دەکەن! کە هەمووی هەر کڵاو سەرنان و فریوودانەو گێلەپیاوان و گەلانی ساویلکەی وەکو گەلانی موسوڵمانانی پێ هەڵدەخەڵەتێنن، تا زلهێزەکان هەر وا بەهێز بمێننەوەو بێ دەسەڵات و لاوازەکانیش هەروا بێ هێز بمێننەوە! تا ئەگەر موسوڵمانان ڕۆژێک لە ڕۆژان هاتنەوە مەیدانی جیهاد خێرا تۆمەتبار بکرێن کە گوایە پەیمانی نێودەوڵەتییان شکاندووەو شایانی سزای نێو دەوڵەتیی بوون)!

زانینی زارەوەی شەرعیی بوارێکی ململانێ شارستانێتیە بێ ئامانەکەیە کە زیاتر لە دووسەد ساڵە ڕۆژئاوای عەلەمانی بەرامبەر ئیسلام و موسوڵمانان درێژە (ئیدامە)ی پێدەدات.. نابینیت چۆن دارالاسلامی کردووە بە (نیشتیمان) و جیهادی کرد بە (بەرگریی لە ووڵات) و وەلائی بۆ ئیسلام کردە (گیانی نەتەوایەتی) تا زاراوەکانی ئیسلام ئەوەندە غەریب کەوتن کە دەڵێیت کوردستان دارولکوفرە، سەدان مەلاو کۆلکە داعیت لێ ڕاست دەبێتەوەو دەڵێن: چۆن تۆ تەکفیری هەموو کورد دەکەیت؟! لە کاتێکدا پێناسەی دارولکوفر

پەیوەندی لە دوورو نزیک بە موسوڵمانێتی دانیشتوانەکەیەوە نییە..! ئەوە هیندستان کە زیاتر لە دووسەد ملیۆن موسوڵمانی تێدا دەژی وکەسیش لە زانایان نەیانفەرمووە دارولکوفر نییە..! چونکە حوکمی دارولکوفرێتی ووڵاتێک لەسەر وەسفی دەستوورو یاساو رێساکانی حوکمڕانییەکەی وەستاوە. ئایا سەروەریی یاسایی (باڵادەستی دەسەڵات) بۆ شەریعەتی خوایە یان بۆ غەیری شەریعەتی خوا..؟!

لەم روانگەوە بوو کە بە زەروورییم زانی ئەم باسەی دکتۆر عبدالقادر عبدالعەزیز بکەمە کوردی، کە لە کتێبی (الجامع)ەکەیدا نووسیوێتی. باسێکی ئوسوڵییانەی شەرعییە، نوسەر راوبۆچوونی زانایانی مەزهەبەکانی هێناوەنەوەو موناقەشەی بەڵگەی هەمووانی کردووەو تەرجیحی بە بەهێزترینیان داوە..

نووسەری بەڕێز میسرییەو بە خزمەتی گەیشتووم، ئاگاداری بارودۆخی کوردستانیش بوو..

تێبینی: پێشتر لە ٢٠٠٥ دا ئەم باسەم بە ناوی خوازراوی (ئەحمەد ناری)یەوە بڵاوکردبۆوە.

خوای گەورە بیکاتە مایەی تێگەیشتنی زیاترمان لە دینەکە.. ئامین

کرێکار

١٤٣٦ ک/ ٢٠١٥

## باسی یەکەم

# بنەمای دابەشکردنی جیهان بۆ دارالاسلام ودار الحرب

بزانە کە ئەو هۆکارەی وولاتانی بە شێوەیەکی گشتی پێ لێک هەڵ دەهاوێررێت، کە جیهانی پێ دەکرێت بە دوو بەشەوە (دارالاسلام و دار الکفر) دینەکەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم کە بۆ هەموو جیهانیانی هێنا، بۆ هەموو خەڵکی و لە هەموو سەر زەمین و لە هەموو زەمانێکدا.. هەر لەو کاتەوەی کە پێغمبەر صلى الله عليه وسلم ئەم دینە پاکەی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هێنا، خەڵکەکەی دەوروبەری کەوتنە دوو سەنگەرەوە: ئەوی موسوڵمان بوو، هاتە ریزی ئەوو، ئەوی کافر مایەوە چووە سەنگەرەکەی بەرامبەری، ئینجا خوای گەورە فەرمانی بە موسوڵمانان دا کە لە کۆمەڵگەی کافران بێنە دەرەوە، بەوەی کە کۆچ کردنی لەسەر موسوڵمانان فەرز کرد، چونکە تا ئەو کاتە خوای پەروەردگار پشتیوانانی مەدینەی بۆ هیدایەت دابوون و بوو بوونە لایەنگرو جێ داڵدەیان.. ئیدی لەو هیجرەتە بە دواوە، مەدینە بووە دار الهجرە و کۆمەڵگەی کۆچکەران. پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم هەر لەو مەدینەیەدا دەوڵەتێکی ئیسلامی دامەزراند، کە ئیتر هیجرەت کردنی موسوڵمانان بۆ مەدینە بووە فەرز لەسەر هەر کەسێک کە لە دەرەوەی مەدینە دەژیا، ئەمەش هەر وا بەردەوام مایەوە تا رزگار کردنی مەککە.. بەڵام کۆچ کردن لەسەر ئەو موسوڵمانانەی لە ناو کۆمەڵگەی کافراندا ـ لە هەر کوێیەک بن ـ هەر بە فەرزی لەسەریان مایەوە.. بەم هەنگاوە کرداریە (عەمەلییە) دارالاسلام جوێ بۆوەو دروست بوو، بەوەش ناسرا: **(ئەو وولاتەیە کە کۆمەڵگەکەی موسوڵمانن و دەسەڵاتداری ناوچەکە بە دەست ئەوانەوەیەو ئەوانیش حوکمی ئیسلامی**

**تێدا دەبەن بەڕێوە)**. دار الكفريش: (**ئەو وولاتەیە کە کۆمەڵگەکەی کافرن و دەسەڵاتداری ناوچەکە وا بە دەست ئەوانەوەیەو ئەوانیش حوکمی کوفری تێدا دەبەن بەڕێوە**).. پاش ئەم جوێ بوونەوەو لێک هەڵاوێردنەی وولاتی موسوڵمانان و وولاتی کافران، ئیتر جیهاد لەسەر موسوڵمانان تا رۆژی قیامەت فەرز کرا، لەمەوەیە کە بە دار الكفريش دەوترێت: دار الحرب..

**بەڵگەی ئەمانە:**

بەڵگە لەسەر گشتێتی پێغەمبەرێتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زۆرە، وەکو ئایەتی: (تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيراً) الفرقان:١ واتە: فەڕو پیرۆزی بۆ ئەو خوایەی کە قورئانی بۆ بەندەکەی خۆی ناردۆتە خوارەوە تا بۆ هەموو خەڵکی ببێتە مایەی ئاگادار کردنەوە. یان: (قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) الأعراف:١٥٨ واتە: بڵێ: ئەی خەڵکینە من نێرراوی خوام و بۆ هەر هەموو لایەکتان نێرراوم. یان: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا) سبأ : ٢٨ واتە: ئێمە تۆمان هەر بۆ مژدەدان و ئاگادار کردنەوەی هەر هەموو خەڵکی ناردووە. یان: (وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ) ال عمران:٢٠ واتە: بەو کەسانەی پێشتر پەیامیان بۆ هاتووەو بە نەخوێنەوارەکانیش بڵێ: ئەرێ ئێوە هاتنە نێو ئیسلامەتییەوە..؟! ئەگەر هاتبوون، ئەوە هیدایەتی خوایان وەرگرتووە، ئەگەر پشتیشیان هەڵکردو گوێیان نەدایێ، لێ گەڕێ تۆ هەر گەیاندنەکەت لەسەرە هەروەها: (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) ال عمران:٨٥ واتە: هەر کەس غەیری ئیسلام بکاتە دین (بەرنامەی ژیان)ی خۆی، لێی وەرناگیرێت و لە دوارۆژیشدا لە زەرەرمەندان دەبێت.. ئایەتی تریش

لـەو بـارەوە زۆرن. پێغەمبـەریش صـلی اللـە علیـە وسـلم دەفـەرموێ: (أُعْطِيتُ خَمْسَاً لَمْ يُعْطَعُهنَّ أحَدَاً مِنْ الَانبياءِ قَبلي نُيْرتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهرٍ وجُعِلَتْ لِيَ الارضَ مَسْجِداً وطَهوراً وأُحِلَّتْ لِيَ المَغَانِمَ ولمْ تُحَلْ لَاحَدٍ قَبلي وأُعطِيتُ الشَّفَاعَةَ وكانَ النبيُّ يُبْعَثُ الي قَومِهِ خَايَةً وبُعِثْتُ الي النَّاسِ عَامَّةً) [١]. واتە: پێنج شـتم پـێ دراوە کە بە هیچ پێغەمبەرێکی تری پێش من نەدرا بوو: ماوەی مانگە رێیەک بە ترس و بیم سەرخراوم، هەموو سەر زەمینیشم بۆ خاوێنەو بۆم کراوە بە جێ نوێژ، هەر کەس لە ئوممەتەکەم کاتی نوێژی بەسـەردا هـات، بـا نوێژەکەی ـ لە هەر جێگایەکدا بوو ـ بیکـات، دەسـکەوتی جەنگیشـم بـۆ حەڵاڵ کراوە، هـەموو نێرراوانـی خـواش، ئەوانـەی پـێش مـن هـاتبوون، تایبەت بوون بە قەومـەکانی خۆیانـەوە، بـەڵام مـن بـۆ هـەموو خـەڵکی هاتووم، شەفاعەتیشم پێ دراوە کە بیکەم..

گشتێنی پەیامەکـەی پێغەمبـەر صـلی اللـە علیـە وسـلم __ کـە بـۆ هـەموو خەڵکییـە__ یەکێکـە لەوانـەی پێیـان دەووترێـت (ما عُلِمَ مِن الدِّينِ بالضَّرورَه) واتە، لە بەڵگە نەوویسـتەکانی دینـەو هـەموو کەسـێک دەبێـت بیزانێت..

ئـەمما دابـەش بـوونی خـەڵکی بەرامبـەر بانگـەوازی دینەکـە بـۆ موسوڵمان و کافر ئەمیش هەر ئاشکرایە، چونکە سـوننەتێکی قـەدرەی و هەڵوێستێکی سروشتی بانگەوازی هەموو پێغەمبەرێک بووە، هـەر وەکـو کە هەر سروشتی مرۆڤ خۆی هەر وایە، حەتمەن تا رۆژی قیامەت، تـا ئەو زەمانەی -نـەسیمە خۆشەکە دێت- هەر وا دەبن، هەر دەبنـە دوو پـۆل: موسـوڵمانان لـە لایـەک و کـافرانیش لـە لایـەکی تـر، ئـاخر تـاقی کردنـەوەش بـەم پۆلێنـە دێنـە دی: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَي اللّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ فَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَانظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ) النحل:٣٦ واتە: ئێمـە بـە راسـتی لـە هـەموو

---

[١]. بوخاری لە جابرەوە

ئوممەتێکد نێرراوێکمان بۆ پێغەمبەرێتی هەڵ بژارد، کە ئەی خەڵکینە خوا بپەرستن و توخنی تاغووت مەکەون، ئیدی هەیانبوو هیدایەتی خوای وەرگرت و هەشیان بوو گومڕاییەکەیان لەسەر پێویست بوو، ئێوەش بەسەر زەمیندا وەر بن و سەرنج دەن چارەنووسی بێ گوێ و بە درۆخەرەوان چۆن بووا یان: (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ)الفرقان:٣١ واتە: بەڵێ هەر ئە ئاوا دوژمنێکمان لە تاوانباران بۆ هەموو پێغەمبەرێک دانا، یان: (وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ . إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)هود:١١٨_١١٩ واتە: گەر خواکەت حەزی بکردایە هەر هەموو خەڵکەکەی دەکرد بە یەک ئوممەت، بەڵام هەر لێک جوێن، مەگەر ئەوانەی خواکەت رەحمی پێ کردبن، ئیدی خواش بۆ ئەوەی دروست کردوون، فەرمانەکەی خوا دەرچووە کە: حەتمەن دۆزەخ لە مرۆڤ و جنۆکان پڕ دەکەم.. لە حەدیسیشدا هاتووە: (ومحمدٌ فرَّق بينَ النَّاسِ)[١]. واتە: محمد صلی الله علیە وسلم جیاوازی خستە نێوان خەڵکییەوە. لە حەدیسی قودسیشدا هاتووە: (وَقَاتِلْ بِمَنْ أطاعَكَ مَنْ عَصَاكَ)[٢] واتە: بەوەی ملکەچی بۆت دەربڕی بجەنگێ بەرامبەر ئەوی لێت یاخی بووە)

کەوا بوو حەتمەن پێویستە موسوڵمان و کافر هەبن تا رێسای تاقی کردنەوەی خوایی لە خەڵکیدا ئاشکرا ببێت، وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَوْ يَشَاء اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ) محمد :٤ واتە: هەر وایە، گەر خوا بیوویستایە بەسەریاندا سەردەکەوت (پەیامەکەی زاڵ دەکردو بەسەریدا دەدان) بەڵام دەیەوێت هەندێک بە هەندێکی تر تاقی بکاتەوە..

---

[١]. بوخاری لە جابرەوە

[٢]. مسلم لە عیاض بن حماری تمیمي

یان: (وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصبِرُونَ وَكَانَ رَبُّكَ بَصيرًا) الفرقان٢٠ واتە: ئێمە هەندێکی ئێوەمان هەر کردووە بە مایەی تاقی کردنەوەی ئەوانی ترتان، داخۆ بە ئارامن، بێ گومان خواکەی تۆ خۆ بینەرە. لە حەدیسی قودسیشدا هاتووە: (إِنَّمَا بَعَثْتُكَ لَابتَلِيكَ وأبْتَلِيَ بِكَ) رواه مسلم عن عياض بن حمار واتە: بۆ ئەوەم کردوویت بە پێغەمبەر تا خۆشت تاقی بکەمەوەو بە تۆش هی تر تاقی بکەمەوە..

ئەمما بەڵگە لەسەر فەرز بوونی کۆچ کردن لە کۆمەڵگەی کافرانەوە، ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلاَئِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالْوَاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا فَأُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءتْ مَصيرًا) النساء:٩٧ واتە: ئەو کەسانەی کە فریشتەکان گیانیان کێشان، ئەوانەی کە ستەمیان لە خۆیان کردبوو (بەوەی کە هەر لە کۆمەڵگەی کافراندا بە سەرشۆڕی مابوونەوە) فریشتەکان لێیان دەپرسن: مەسەلەی ئێوە چی بوو؟ دەڵێن: ئێمە لەو سەر زەمینە لاوازو بێ دەسەڵات چەوساوەبووین، پێیان دەڵێنەوە: مەگەر ئەو سەر زەمینەی خوای گەورە ئەوەندە بەرفراوان نەبوو جێی ئێوەی تێدا ببێتەوە، چما نەتاندەتوانی لەو سەر زەمینەی دەیڵێن کۆچ بکەن..؟! ئەوانە جێی حەوانەوەو ئاسوودەییان دۆزەخە..! و چارەنووسێکی زۆر سەختیان دەبێت...

ئەم هەڕەشەی لێرەدا باس کراوە بەڵگەیە لەسەر فەرز بوونی کۆچ کردن، چونکە هەرچی شتێک هەڕەشەی خوای بەرامبەر کەسێک یان کەسانێک لەسەر بێت ئەنجامدانی ئەو شتە لەسەر ئەو کەسانە واجبە. مەگەر کەسانێ کە بەهانەیەکی شەرعییان لەوانە هەبێت کە لە ئایەتەکانی دوای ئەم ئایەتەدا باس کراوە، هەروەها ئەو هەڕەشانەش دەیانگرێتەوە کە لە حەدیسەکەی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم هاتووە کە دەفەرموێ: (أنا بريءٌ مِن كُلِّ مُسلمٍ يُقيمُ بينَ أظهُرِ المشركين، لا تَرَاوي

نارُهما)[١]. واته: ئەبەرپرام لە هەر موسوڵمانێک لە نێوان موشریکاندا بـژی، نابێت ئاگریان لەیەکەوە دیار بێت.

هەروەها دەفەرموێ: (لا تَنْقَطِعُ الهِجْرَةُ مادامَ العَدوُّ يُقَاتِلُ)[٢]. واتـە: کـۆچ کردن تەواو نابێت مادام دوژمن هەبێت و بجەنگێت..

ئـەمما بەڵگـە لەسـەر فـەرز بـوونی جـەنگی کـافران لەسـەر موسـوڵمانان، ئـەوە زۆرەو ئاشـکرایە وەک ئـەوەی کـە خـوای گـەورە دەفەرموێ: (فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ) التوبـە:٥ واتـە: موشـریکەکان لە هەر کوێیەک دیتـتـان بیـانکوژن. یـان: (وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً) التوبە:٣٦ واتە: ئێوەش هەموو موشریکەکان بکوژن وەکو کە ئـەوان هەمووتان دەکوژن. پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّي يَشْهَدوا أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللهُ)[٣] واتـە: فـەرمانم پـێ دراوە کـە لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگێم تا دەڵێن: لا اله الا الله.

هەروەها: (بُعِثْتُ بينَ يَدَي السَّاعَةِ بالسَّيفِ حَتَّي يُعْبَدَ اللهَ وَحْدَهُ)[٤] واتـە: تـا رۆژی قیامەت ـ بە شمشێرەوە ـ نێرراوم، تا هەر خوا دەپەرستڕێت.

---

[١]. رواه ابو داود والترمزی باسناد صحیح مرسلا

[٢] رواه احمد وقال الهیثمی رجاله رجال الصحیح

[٣].متفق علیه

[٤]. رواه احمد

**خاڵێکی گرنگ:**

که دەڵێین گشتێتی پەیامی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هۆکاری جوێ کردنەوەی دارالاسلام و دار الحربە، مانای وانییە کە حەتمەن و هەمیشە دەبێت هەر دوو (دار) ەکە لەسەر زەمیندا هەبن! مەرج نییە، هەبوونی دارالاسلام مەرجێکی هەبوونی دار الكفر نییە، ئەمە پەیوەندی بە هۆکاری حوکمە شەرعیی هەبوونی دار الاسلامەکەوە نییە (دواتر باسی ئەم خاڵە دێت) چونکە لەوانەیە دارالاسلام لە سەردەمانێکدا هەر نەبێت، بەڵکو هەرچی هەر هەیە دار الكفر دەبێت، وەکو سەردەمی هاتنی ئیسلام خۆی، پێش کۆچ کردنەکەی مەدینە، یان وەکو سەردەمی ئێستای ئێمە. ئەمەشە کە حەدیسەکەی حوزەیفە ئاماژەی پێ دەکات کە دەربارەی زۆر بوونی فیتنە و پشێوی لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەپرسێت: (ئەگەر گەیشتمە ئەو زەمانە جەنابت فەرمانی چیم پێ دەدەیت؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (تُلْزِمُ جَمَاعَةَ المسلمينَ وإِمَامَهُمْ) واتە: شوێن کۆمەڵ و ئیمامی موسوڵمانان کەوەو پابەند بە پێوەی، حوزەیفە پرسییەوە: ئەدی ئەگەر نە کۆمەڵیان مابوو، نە ئیمام؟! فەرمووی: (فاعتزل تلك الفرق كلها ولو أن تعضَ على أيَل شجرة حتى يدركك الموت وأنت على ذلك)[1]. [2] واتە: واز لەو گرووپانە هەموویان بهێنە، با قەپاڵیش بە رەگی دارێکدا کەیت تا ئەو ساتەی مردنت دەگاتێ..

---

[1]. متفق عليه

[2]. ئەمەش دەقی هەموو حەدیسەکەیە: (أخرج البخاري ومسلم ، في صحيحيهما، عن حذيفةَ قال: كانَ النَّاسُ يَسألونَ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلمَ عَنِ الخَيرِ ، وَكُنْتُ أسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مَخافَةَ أنْ يُدْرِكَنِي، فَقُلْتُ : يَا رسولَ اللهِ إنَّا كُنَّا فِي جاهِلِيَّةٍ وَشَرّ ، فَجَاءَنَا اللهُ بِهذا الخيرِ ، فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الخيرِ مِن شَرٍّ؟ قَالَ: (نَعَمْ ) قُلْتُ : وَهَلْ بَعْدَ ذلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيرٍ ؟ قَالَ: (نَعَمْ ، وَفِيهِ دَخَنٌ) قُلْتُ : وَمَا دَخَنُهُ ؟ قالَ: (قَومٌ يَهْدُونَ بِغَيرِ هَديي ، تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ) قُلْتُ : فَهَلْ بَعْدَ ذلكَ الخيرِ مِن شَرٍّ؟ قالَ : (نَعَمْ ، دُعَاةٌ عَلَى أبوابِ جَهَنَّمَ ، مَنْ أجابَهُمْ إليهَا قَذَفُوهُ فِيها) قُلْتُ :

## باسی دووەم

## بەڵگەی دابەشکردنی جیهان بۆ دارالاسلام و دار الحرب

هەندێک لە زانایانی هاوچەرخی وەکو وهبە الزحیلی لە کتێبەکەیدا (آثار الحرب فی الفقه الاسلامی) دا دەڵێن: کە دابەش کردنی جیهان بۆ دوو (دار) هیچ بەڵگەیەکی لە قورئان و حەدیسدا نییە! بەڵکو هەر راوبۆچوون (ئیجتیهاد) ی زانایانی دوای سەردەمی پێغەمبەرو صلی اللە علیە وسلم ئەسحابەکانە کە بەو شێوەیەی دابەش کردووە!!

دەبێ سەرەتا ئەوە لەبەرچاو بگیررێت کە ئەم دابەش کردنەی جیهان بۆ دارالاسلام و دار الحرب کۆڕا (ئیجماع) ی زانایانی ئوممەتی لە سەلەف و لە خەلەف لەسەرە، ئاشکراشە کە کۆڕای زانایان ـ وەکو ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ ـ حەتمەن ئیعتیماد دەکاتە سەر بەڵگەی قورئان و حەدیس. (مجموع الفتاوی ٣٩٧). با ئێمە لێرەدا هەندێک بەڵگە لەسەر ئەو مەسەلەیە بخەینە بەرچاو :

١ــ خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ) ابراهیم: ١٣ واتە: ئەوانەی لەسەر کوفر بوون بەو پێغەمبەرانەی خۆیانیان دەووت کە بۆیان نێررا بوون: یان ئەوەتا

---

فَمَاذا تَأْمُرُنِي إنْ أدْرَكَنِي ذَلِكَ ؟ قالَ : (تُلْزِمُ جَمَاعَةَ المسلمينَ وإمَامَهُمْ) قُلْتُ : فَإنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ ولا إمَامٌ ؟ قالَ : (فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا ، وَلَو أنْ تَعُضَّ بِأصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكُكُ الموتُ وأنْتَ عَلَى ذلِكَ .) .

لـه خـاکی خۆمـان وەدەرتـان دەنێـین، یـان دەبـێ بگەڕێنـەوە سـەر میللـەتی خۆمـان، بـەڵام خـوای گـەورە وەحـی بـۆ ناردن کـە: دڵنیـا بن ستەمکاران حەتمەن دەفەوتێنین.

یـان: (قَـالَ الْمَـلَأُ الَّذِيـنَ اسْـتَكْبَرُواْ مِـن قَوْمِـهِ لَنُخْرِجَنَّـكَ يَا شُـعَيْبُ وَالَّذِيـنَ آمَنُـواْ مَعَـكَ مِـن قَرْيَتِنَـا أَوْ لَتَعُـودُنَّ فِي مِلَّتِنَـا) الاعـراف: ٨٨ واتـه: گـەورە سـتەمکارانی لـووت بـەرزو بـە فیـزی قەومەکـەی (شـوعەیب) پێیـان ووت: شـوعەیب، خۆشـت و ئەوانـەش لـە ناوچەکـەمان وەدەر دەنێـین کـە باوەڕیـان پێـت هێنـاوە، یـان ئـەوەتا دەبێـت بگەڕێنـەوە سـەر میللەتەکـەمان..دوو ووشـەی (ارضـنا) و (قریتنـا) کـە زەمینەکـەمان و ناوچەکەمانـە، بـۆ رانـاوی لکـاوی بـوێژی کـۆ (جمع المتکلمـین) پـاڵ نـراون (ئیزافـە کـراون)، کـە ئیزافـەی خاوەنێتیـە، واتـە زەمینـەی کافرەکـان و ناوچـەی کافرەکـان، کـە کـافر خاوەنیانـەو دەسـەڵاتی ئـەوان تێیـدا خـاوەن فـەرمان و بەرهەڵسـتییە، بۆیـە ئـاوا دەبینـین هەڕەشـەکە لـەو نێرراوانـەی خـوا دەکـەن. ئـێ سیفەتی دار الکفریش هەر ئەمەیە..

هـەروەها کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێ: (إِنَّ الَّذِيـنَ تَوَفَّـاهُمُ الْمَلآئِكَـةُ ظَـالِمِي أَنْفُسِـهِمْ قَـالُواْ فِـيمَ كُنتُمْ قَـالُواْ كُنَّـا مُسْتَضْـعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَـالْوَاْ أَلَـمْ تَكُـنْ أَرْضُ اللّهِ وَاسِـعَةً فَتُهَـاجِرُواْ فِيهَـا) النسـاء:٩٧ واتـه: ئـەو کەسـانەی کـە فریشـتەکان گیانیـان کێشـان، ئەوانـەی کـە سـتەمیان لـە خۆیـان کردبـوو (بـەوەی کـە هـەر لـە کۆمەڵگـەی کافرانـدا بـە سەرشـۆڕی مابوونـەوە) فریشـتەکان لێیـان دەپرسـن: مەسـەلەی ئێـوە چـی بـوو..؟ دەڵـێن: ئێمـە لـەو سـەر زەمینـە لاوازو بـێ دەسـەڵات و چەوسـاوەبووین (موسـتەزعەف کـرا بـووین)، پێیـان دەڵێنـەوە: مەگـەر ئـەو سـەر زەمینـەی خـوای گـەورە ئەوەنـدە بـەرفراوان نـەبوو جێـی

ئێـوەی تێـدا ببێتـەوە..؟!، چمـا نەتانـدەتوانی لـەو سـەر زەمینـەی دەیلێن کۆچ بکەن..؟!

یـان (يَا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـوا إِذَا جَـاءكُمُ الْمُؤْمِنَـاتُ مُهَـاجِرَاتٍ فَـامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَـانِهِنَّ فَـإِنْ عَلِمْتُمُـوهُنَّ مُؤْمِنَـاتٍ فَـلَا تَرْجِعُـوهُنَّ إِلَى الْكُفَّـارِ) الممتحنـه:١٠ واتـە: ئـەی ئـەو کەسـانەی بـاوەڕاتـان هێنـاوە، ئەگـەر ئافرەتـە موسـوڵمانەکان کۆچیـان کـردو هاتنـە لاتـان تاقیـان بکەنـەوە. خـوای گـەورە خـۆی، هـەبوون یـا نـەبوون و رادەی باوەایـان دەزانێـت. جـا ئەگەر زانیتان ئیماندارن، مەیان گێانەوە بۆ ناو کافرەکان.

هـەروەها: (وَالَّذِيـنَ آمَنُـواْ وَلَـمْ يُهَـاجِرُواْ مَـا لَـكُم مِّـن وَلاَيَـتِهِم مِّـن شَيْءٍ حَـتَّى يُهَـاجِرُواْ) الانفـال:٧٢ واتـە: ئـەو کەسـانەی کـە باوەڕیـان هێنـاوە، بـەڵام کۆچیـان نـەکردووە (بـۆ مەدینـە) ئێـوە هـەقتان بەسـەریانەوە نـەبێت، تا ئەو کاتەی ئەوانیش کۆچ دەکەن.

دیسـان کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێ: (سَـأُرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِـقِينَ) الاعـراف:١٤٥ واتـە: دوایـی ناوچـەو شـوێنی فاسـیقانتان نیشـان دەدەم...

ئـەم دەقانـەی تایبـەتن بـە باسـی هیجـرەت کـردن، بەڵگـەی روون و ئاشـکران لەسـەر بـوونی دوو ناوچـە: دارالاسـلام و دار الکفـر.. لـە دەقـی شەرعیشـدا هـەر کاتێـک باسـی کـۆچ کـردن (هیجـرەت) کـرا مانـای واز هێنانـە لـە کۆمەڵگـەو دەسـەڵاتی کـافران و روو کردنـە دار الاسلام..

٢ـــ لـە حەدیسـی پێغەمبەریشـدا صـلی اللـه علیـه وسـلم زۆر فـەرمووده هەیـە کـە کـۆچ کـردن لەسـەر موسـوڵمانان فـەرز دەکـات، ئـەوانیش بەڵگـەن لەسـەر دابـەش بـوونی ووڵاتـان بـۆ دوو (دار) وەکـو ئـەو حەدیسـەی لەسـەرەوە هێنامانـەوە، یـان ئـەوەی کـە پێغەمبـەر صـلی اللـه علیـه وسـلم تێیـدا دەفـەرموێ: (كُلُّ مُسـلِمٍ عـلَى

مُسلِمٍ مُحَرَّمٌ، أخَوانِ نَصيرانِ، لا يَقْبَلُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ مُشْرِكٍ بَعْدَمَا أسْلَمَ عَمَلاً أو يُفَارِقُ المشركينَ إلي المسلمين) رواه النسائى باسناد حسن عن بهز بن حكيم عن ابيه عن جده. واته هەموو شتێکی موسوڵمان لە موسوڵمانی تر حەرامە، موسوڵمان برای پشتیوانی یەکترن، هەر موشریکێک کە موسوڵمان دەبێت، خوای گەورە هیچ کارو کردەوەیەکی لێ قبووڵ ناکات تا کۆچ بۆ لای موسوڵمانان نەکات..

جگە لەو حەدیسانەی کە هیجرەت لەسەر موسوڵمان فەرز دەکات، حەدیسی تریش هەن کە ئەم دابەش بوونە روون دەکەنەوە، وەکو:

ـ ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێ دەفەرموێ: (پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم نەیدەهێشت قورئان لەگەڵ خۆ بۆ وولاتی کافران ببرێت) [١]

ـ حەدیسە دوورو درێژەکەی ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت کە دەربارەی رەجم کردنە، کە عبدالرحمنی کوڕی عەوف بە عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێیان رازی بێت فەرمووی: سەبرێک بگرە تا دەچیتەوە مەدینە ئەوێ دار الهجرە و سوننەتە. [٢]

ـ یان ئەو حەدیسەی کە نەسائی بە سەنەدی سەحیحەوە لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر

---

[١] . متفق علیه.

[٢] . رواه البخاری ژمارە ٦٨٣٠.

صـلى اللـه عليـه وسـلم هـەروەها ئـەبو بـەکری سـددیق و عومـەری کـوڕی خـەتتاب موهـاجیر بـوون، چونکـه وازیـان لـه موشـریکان هێنـا بـوو، هـەروەها لـه پشتیوانەکانیشـدا موهـاجیر هـەبوو، چونکـه ئـەو کاتـەی کـه لـه شـەوی عەقەبـەدا لـه مەدینـه هاتنـه خزمـەت پێغەمبـەر صلى الله عليه وسلم مەدینه ئەو کاتە دار الشرك بوو.

ـ حەدیسـەکەی ئـەبو هـورەیرە خـوا لێـی ڕازی بـێ کـه دەربـارەی هیجرەتـــی خـــۆی دەفـــەرموێ: (ئـــەو کـــاتی دەهاتمـــه خزمـــەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە ڕێگا دەمووت:

يا ليلةً مِن طُولِها وعَنَائِها عَلَى أَنَّهَا مِنْ دارةِ الكُفرِ نَجَّتِ[1]

واتـه: ئـای شـەوی تـولانی پـڕ دەردەسـەری، دەڵێـی لـه دار الکفـر قوتار بوویت

ئـــەو کاتـــه کۆیلەیەکیشـــم لـــه ڕێگـــا لەگەڵـــدا بـــوو، کـــه هاتمـــه خزمـەت پێغەمبـەر صـلى اللـه عليـه وسـلم و بەیعـەتم پێـدا، کۆیلەکـه هاتـه ژوورەوە، پێغەمبـەر صـلى اللـه عليـه وسـلم فـەرمووی: کۆیلـەی تۆیە؟ ووتم: ئەوا لەبەر خاتری خوای گەورە ئازادم کرد)[2]

ــ حەدیســـەکەی عائیشـــەـ خـــوا لێـــی ڕازی بـــێـ دەربـــارەی کەنیزەکـه موهاجیرەکـه دەگێڕێتـەوە، کـه بـه دزیـن تاوانبـار کرابـوو، عائیشـــه دەفـــەرموێ: کـــەنیزەکێکی ڕەش پێســـت کـــه لـــه لای تیرەیـەکی عـەرەب لـه دایـک بـوو بـوو، هـەر لـه گـەڵ ئەوانـدا ژیـا بـوو، جارێـک کـه منداڵـەکانی تیرەکـه لـه گەمـەو گـەڕان بـوون کچێکیـان هـۆنراوە یـەکی زێـڕی لـێ وون بـوو بـوو (کـه عادەتـەن لـه زێـڕو مـرواری و مـوورو دەهۆنرایـەوەو کچـان بـه ناوچەوانیانـەوە

---

[1] . داره الكفر هەر دار الكوفره / بڕوانه لسان العرب ٢٩٨/٤ چاپی دار صادر
[2] . بوخاری (ژماره ٤٣٩٣).

دەبەسـت) هـەر ئـەو کاتـە باڵندەیـەک داهـاتبۆوەو فڕانـدبووی، بـەڵام تیرەکـــە کەنیزەکەکـــەیان بـــە دزینـــی تاوانبـــار کـــرد، زۆر گـــەڕان نەیاندیتـــەوە، هـــەموو گیـــانی کەنیزەکەکـــە تەنانـــەت عەورەتیشـــی گـــەڕان، بـــەڵام هـــەر نەدۆزرایـــەوە، کەنیزەکەکـــە دەڵـــێ: هـــەر لـــەو شـــوێنە بـــووین کـــە باڵندەکـــە فڕێـــی دایـــەوە خـــوارەوە! کەوتـــە نێوانیانـــەوە ووتـــم: ئـــەوەتا کـــە منتـــان بـــە دزینـــی تاوانبـــار دەکـــرد! دیتتـــان مـــن تێیـــدا بـــێ تـــاوان بـــووم، پاشـــان هاتـــە خزمـــەت پێغەمبـــەر صـلی اللـه علیـه وسـلم وموسـوڵمان بـوو، عائیشـە خـان دەفـەرموێ: هەر جارێک کە دەهاتە لای من دەیووت:

ويوم الوشاح من تعاجيب ربنا          ألا إنه من بلدة الكفر أنجاني

واتـــە: رۆژی هۆنراوەکـــە کـــە لـــە سەرســـواهێنەرەکانی خـــوای گـەورەمان بـوو، هەرچییـەک بێـت، خـۆ لـە وڵاتـی کـوفر قوتـاری کردم..

عائیشـە خـان دەفـەرموێ: پـێم ووت: ئـەرێ چیتـە تـۆ، هـەر کـە لام دادەنیشـیت ئەمـە دەڵێیتـەوە؟! دەفـەرموێ: ئیتـر ئـەم روداوەی بۆ گێڕامەوە. [1]

وولاتـی کـوفر وەکـو ئیبنـو حەجـەر لـە راڤەیـدا دەفـەرموێ: هـەر دار الکفرە[2].

ئـــەم دەقانـــە هـــەموویان بەڵگـــەن لەســـەر دابـــەش کردنـــی ناوچـــەکانی جیهـــان بـــۆ دوو دار: دارالاســـلام و دار الکفـــر، بەڵگەشـــن لەسـەر ئـەوەی ئـەم دابـەش کردنـە بـە پێـی قورئـان و حەدیسـی پێغەمبـەرە صـلی اللـە علیـە وسـلم هـەروەها بـە پێـی ئەوەیـە کـە لـە

---

[1] . رواه البخاری..

[2] . (بڕوانە فتح الباری ١/٥٣٥).

یاوەرانەوە هاتووە، بەڵگەشن لەسەر فەرز بوونی کۆچ کردن لە دار الكفرەوە بۆ دار الاسلام، خۆ دیار بوو کە زاراوەکە خۆشی هەر بەو ناوانەوە لە قورئان و حەدیسدا هاتوون: دار الفاسقين، ارض العدو، دار الهجرة والسنة، دار شرک، دار الكفر، بلدة الكفر، ئەمانەش هەموویان پێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسەن کە دەڵێ: دابەش کردنی جیهان بۆ دارالاسلام ودار الكفر، مەسەلەیەکە شەرعناسان بە بۆچوونی خۆیان دایانناوە!

## باسی سێیەم

## پێناسەی:

## دارالاسلام و دار الحرب

لـەو بەڵگانـەی سـەرەوە کـە لـەو دوو مەسـەلەی پێشـوودا هێنراونەتـەوە ئـەوە روون دەبێتـەوە کـە دارالاسـلام: **ئـەو وڵاتەیـە کـە وا لـەژێر رکێـف و حـوکمی دەسـەڵاتی موسـوڵماناندا،** دارالکـوفریش: **ئـەو وڵاتەیـە کـە وا لـەژێر رکێـف و حـوکمی کافرانـدا** ئەمـە هەنـدێک رابۆچـوونی زانایـان و شەرعناسـان لـەو بارەوە:

ـ ئیبنولقـەییم رەحمـەتی خـوای لـێ بێـت دەفـەرموێ: جمهـور[١] فەرموویانـە: دارالاسـلام ئـەو شـوێنەیە کـە موسـوڵمانان چوونەتـە نـاوی و ئـەحکامی ئیسـلامیان تێـدا راپەڕانـدووە، ئەگـەر ئـەحکامی ئیسـلامی تێـدا رانەپـەڕێنرابێت بـە دارالاسـلام ناژمێررێـت بـا لـە پـاڵ دارالاسلامیشـەوە بێـت، ئـەوەتا تـائیف شـارێک بـوو لـە تەنیشـت مەککـەی پیـرۆزەوەو زۆریـش لێـی نزیـک بـوو، تـا مەککە فـەتح نـەکرا ئەویش نەبووە دارالاسلام.[٢]

ـ ئیمـامی سەرەخسـی حەنـەفی رەحمـەتی خـوای لـێ بێـت دەفـەرموێ: (دارولئیسـلام لای ئـەبو حەنیفـە بـە سـێ مـەرج دەبێتـە دارولحەرب:

---

[١] . سێ لە چوار ئیمامەکە ( ئەبو حەنیفە ، مالیك ، شافیعی ، ئەحمەد رەحمەتی خوایان لێ بێت ) .

[٢] .(أحكام أهل الذمة لابن القيم ١/ ٦٦. دار العلم للملايين:١٩٨٣)

یەکـەم: مەرجـە بـە پـاڵ خـاکی تورکانـەوە[١] بێـت و هـیچ فاسـڵێک لە نێوان ئەوان و دارالحەرب یان دارالاسلام نەبێت.

دووەم: موسـوڵمانی تێـدا نـەمابێت کـە بـە هـۆی ئیمانەکەیـەوە ئـەمانی وەرگرتبێـت، هـەروەها ئـەهلی زیممـەی تێـدا نـەمابێت کـە بە هۆی ئەمانی ئیسلامیەتیەوە ئەمانی مابێت.

سێیەم: ئەحکامی شیرکی تێدا سەروەر بێت.

ئـەبو یوسـف و محمـدی کـوڕی حەسـەنی شـەیبانی ڕەحمـەتیش دەفـەرموون: (هـەر وواڵتێـک ئـەحکامی شـیرکی بەسـەردا چەسـپی بەسـە بـۆ ئـەوەی ببێتـە دارالکـوفر، چونکـە ئەحکامـەکانی وواڵت بـە گـوێرەی هـەبوونی دەسـەڵات و هێـزی زاڵبـوون سـەر بـە ئێمـە یـان بـەوان دەبێـت.. هـەر وواڵتێـک شـیرکی تێـدا زاڵ بـوو، دەسـەڵاتیش کەوتـە دەسـت موشـریکەکان ئـەوە دارولحەربـە، هـەر وواڵتێـک ئیسـلام تێیـدا زاڵ بـوو، دەسـەڵاتی کەوتـە دەسـت موسـوڵمانان ئـەوە دارولئیسلامە.[٢]

سەرەخسـی ئـەوەی روون کـردەوە کـە بـە پێـی دیـدو بۆچـوون سـاحیبان[٣] ئـەوەی حـوکمی دارالکـوفر. یـان دارالاسـلام بەسـەر ناوچەیەکدا دەدات دەسەڵات و هێزە..

---

[١] . تورك: مەبەست وواڵتی مەغۆلی ئەو زەمانە بووە.

[٢] .(المبسوط / للسرخسی ب ١٠ ل ١١٤ / دار المعرفة).

[٣] ساحیبان : (الصاحبان) ی عەرەبیە کە بە مانای دوو یاوەرەکەیە ، بزانە کە لە باسی ئەسحابدا کە دەوترێت یاوەران مەبەست ئەبوبەکری سددیق و عومەری کوڕی خەتتابە خوا لێیان رازی بێت ، لە مەزهەبەکانیشدا وایە ، لە مەزهەبی حەنەفیدا جاری وا هەیە فەتوای خودی ئیمامی ئەبو حەنیفە رەت کراوەتەوە بۆ فەتوای دوو شوێن کەوتووی ئەو کە قوتابی ئەو بوون ئەوانیش ئیمامی ئەبو یوسف و محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانیە ، بەم دوو بەڕێزە

ــ زانایان بە گشتی و شەرعناسانی خودی مەزهەبی حەنەفی زۆر لایان نەکردبۆوە بەلای رای ئەبو حەنیفەدا تا دوو یاوەرەکەی رەدیان لێ دایەوە، ئیدی رای دوو یاوەرەکەی بووە فەتوای مەزهەبی حەنەفی، بۆیە شێخ عەلادینی کاسانییش -کە حەنەفیە- دەفەرموێ: وولاٽ (**دار**) ئیزافە دەکرێت یان بۆ ئیسلام یان بۆ کوفر، ئەگەر وولاتێک ئەحکامی ئیسلامی تێدا جێبەجێ دەکرا ئەوە دارالاسلامە، ئەگەر وولاتێک یاسای کوفری تێدا دەچەسپێنرا ئەوە دارالکفرە. هەر وەکو کە بە بەهەشت دەوترێت دارالسلام چونکە ئاشتی و ئەمانی تێدا بەرقەرارەو بە دۆزەخیش دەوترێت دار البوار چونکە هەرچی تێیدایە مایەی ناسۆرو ناڕەحەتیە.. دەرکەوتنی ئیسلام و کوفریش بە دەرکەوتن و جێبەجێ کردن و راپەڕاندنی ئەحکامەکانیانە.[1]

کەوابوو کاسانی جۆری یاساو جێبەجێکردنی دەکاتە هۆی حوکمدان بەسەر وولاتێکدا کە دارالکوفرە یان دارالاسلام..

ــ ئیمامی ئیبنو قودامەی مەقدیسی کە حەنبەلیە رەخنەی توندی لە ئیمامی ئەبو حەنیفە گرت کە ئەو مەرجانەی داناوە بۆ حوکمدان لەسەر وولاتان، دەفەرموێ: هەر کاتێک دانیشتوانی ناوچەیەک لەدین هەڵگەڕانەوەو حوکمی کوفرییان لە وولاتەکەیاندا پیادە کرد، وولاتەکەیان دوای مورتەدد بوونیان دەبێتە دارالحەرب و سامانیان دەبێتە غەنیمەت و ماڵ و منداڵیشیان دەبنە سەبایا، خەلیفەی موسوڵمانان دەبێت جەنگیان

---

دەوترێت ساحیبان .. لە مەزهەبی شافیعیدا ، ئیمامی نەوەوی رافیعی ساحیبانن .. وە هەروەها

[1] (بدائع الصنائع للكاساني ٩/ ٤٣٧٥ /زكريا على يوسف).

دژ بەرپا بکات، هەر وەکو کە ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت جەنگی بە یاوەرانی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم دژی پاشگەزبووان بەرپا کرد.. خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا فەرمان بە موسوڵمانان دەکات کە جەنگ دژی کافران بەرپا کەن، جەنگی دژی ئەم پاشگەزبووەوانە لە پێشترە چونکە لەوانەیە واز لێهێنانیان خەڵکی تریش وا لێ بکات لە دینەکە هەڵگەڕێنەوە، کەوابوو زیانی ئەمانە زیاترە لە کافرانی ئەسڵی و جەنگ کردنیش بەرامبەریان لە پێشترە.. لە کاتی شەڕی ئەمانەدا ئەوانەی موسوڵمانان دەستیان دەیانگاتێ دەکوژرێن، شوێن هەڵاتوویان دەکەوێ، برینداریان دەکوژرێن، سامانیان دەبرێ. ئەمە فەتوای شافیعیە.. ئەمما ئەوەی ئەبو حەنیفە دەیڵێ: وولاتیان نابێت بە دار الحەرب تا سێ مەرجی تێدا نەیاتە دی:

١. دەبێ وولاتەکەیان هاوسێی وولاتێکی ئیسلام بێت..
٢. نابێت ئەمانی نە بۆ موسوڵمان نە بۆ ئەهلی زیممە تێدا مابێت.
٣. ئەگەر ئەحکامی کوفری تێدا جێبەجێ دەکرا..

بە لای ئێمەوە وا نیە! چونکە وولاتەکە هەر بەوەندەی ئەحکامی کوفری تێدا بووە حاکم دەبێتە دار الکوفر..[1] بە رای ئەمیش هەر بەوەندەی یاسای وولاتەکە بووە یاسای کوفرین و بەسەر دانیشتواندا چەسپێنرا، وولاتەکە دەبێت بە دار الکوفر..

---

[1] (المغنی مع الشرح الکبیر. ١٠/ ٩٥)

سەرەخسی لە راڤەی کتێبەکەی (السیر الکبیر) دا دەفەرموێ: وولاَت بەوە دەبێتە دارالاسلام کە ئەحکامی ئیسلامی تێدا رابپەڕێنرێت..[1]

ـ قازی ئەبو یەعلای حەنبەلی دەفەرموێ: هەر وولاَتێک ئەحکامی کوفر تێیدا بالاَدەست بوو ئەوە دارالکوفرە..[2]

ـ ئەمە فەتوای شێخ عبدالقادری بەغدادیشە کە لە (اصول الدین/عبدالقادر البغدادی ل ٢٧٠ / دار الکتب العلمیە چاپی ٢) دا فەرموویەتی..

ـ شێخ مەنسووری بەهوتی دەفەرموێ: دار الحرب ئەو وولاَتەیە کە ئەحکامی کوفری تێدا بالاَدەست بووە، موسوڵمان ئەگەر نەیتوانی لەو وولاَتەدا دینەکەی خۆی ئاشکرا کات هیجرەت لەسەری فەرز دەبێت.[3]

کەوابوو هۆی حوکمدان بەسەر وولاَتێکدا کە دار الکوفرە یان دارالاسلام یاساو دەسەلاَتی سیاسیە، ئەمە هۆیە (سبب، علە، مناط) ە[4]. هۆی دەرچوونی حوکمەکەیە کە دوترێت (علە) هەر هۆیە بەلاَم ئەمیان لە ئەسڵدا دیاردەی نەخۆشیە مەبەست بەو وەسفەیە کە لە سیفەتی زاتی ئەو شتەوە هاتووە، کە دەوترێت (مناط) لە (نوط) ەوە هاتووە کە سنگی پێدا هەڵواسینی شتە،

---

[1] .(السیر الکبیر ٥/ ٢١٩٧).

[2] .(المعتمد فی أصول الدین لابی یعلی ل ٢٧٦/ دار المشرق. بیروت ١٩٧٤).

[3] .(کشاف القناع /الشیخ منصور البهوتی ٣/ ٤٣).

[4] . هۆکاری حوکم دانەکەیە .. لە زمانی شەرعناساندا بە عەرەبی (سبب ، علة ، مناط)ی پێ دەوترێت .. بۆیە هۆی تەلاَق نەکەوتنەکەی بێ هۆشیەکەیەتیی دەوترێت ، عیللەتی رۆژوو بەتاڵبوونەوەی ئافرەتە هاتنی سووڕی مانگانەیەتی لە کاتی رۆژووەکەیدا ، مەناتی دەسبڕینی کابرا دزیەکەیەتی .. وە هەروەها ..

لێرەشدا ئەوەیە کە حوکمەکەی کەوتۆتە سەر.. حوکمی شەرعی هەر مەسەلەیەک پەیوەستە بەم هۆیەوە بۆیە زانایانی ئوسوڵ فەرموویانە: (الحُكْمُ يَدورُ مَعَ عِلَّتِهِ وجوداً وَعَدَماً) حوکمی شەرعی لەگەڵ هۆکەیدایە، ئەگەر ئەم هەبوو ئەویش هەیە، ئەگەر ئەم نەبوو ئەویش نیە..

لە قەولی ئەو زانا بەڕێزانە دوو هۆکار دەفامرێتەوە کە ببنە هۆی حوکمدان بەسەر وولاتێکدا کە ئایا دار الکوفره یان دارالاسلام:

**یەکەم: دەسەڵات و هێز**.. هەر وەکو لە پێناسەی قازی ئەبو یوسف و محمدی کوڕی حەسەندا هاتبوو (ئەوەی حوکمی دارالکوفر .یان دارالاسلام بەسەر ناوچەیەکدا دەداث دەسەڵاث و هێزە).

**دووەم: جۆری ئەو یاسایەی تێدا پیادە دەکرێت.** هەر وەکو لە قەولی ئەو زانایانەدا دەردەکەوێث کە لەسەرەوە هێنراونەتەوە.

لە ووردبوونەوە لە هەردوو مەرجەکە هەست دەکرێت کە هەردووکیان لە ئەنجامدا هەر دەبنەوە بە یەک، چونکە ئەوی زاڵ بووەو دەسەڵاتی وولاتێکی گرتۆتە دەست دیارە کە بە هۆی هێزەوەیە، کە بووە خاوەن هێزو دەسەڵاتیش، هەر خۆی دەبێتە فەرمانڕەوا، فەرمان دەردەکاث و بە دانیشتوانەکەی جێبەجێ دەکاث و بەرهەڵستی شتانێک دەکاث و ناهێڵێث دانیشتوانەکە بیکەن.. فەرمانڕواییش دیارترین سیمای خاوەن هێزو دەسەڵاتە.. دەسەڵاتداری موسوڵمان ئەحکامەکانی شەرع دەچەسپێنێث ئەگەر نا، موسوڵمان نامێنێث..! دەسەڵاتداری کافر یاسای کوفر دەچەسپێنێث..

لـــەم بەڵگەنەوویســـتەوەیە کـــە هۆکـــاری حوکمـــدان بەســـەر وولاتێکـدا کـە دار الکـوفره یـان دارالاسـلام جـۆری یاسـای وولاتەکەیـە کـە لـە لایـەن دەسـەڵاتداری خـاوەن هێـزەوە فـەرمانی داڕشـتن و پیادە کردنی بۆ دەرچووە..

سەرەخســی لــە دوویــاوەرەوە نــەقڵی کــردووە کــە: هــەر ناوچەیــەک حــوکمی شــیرکی بەســەردا زاڵ بــوو، ئــەوە هێــزو دەســەڵاتی ئـەو ناوچەیـە هـی موشـریکانەو ناوچەکـە بـووە بـە دار الکــوفر، هــەر ناوچەیــەکیش دیــاربوو کــە حــوکمی شــەرع تێیــدا باڵادەسـتەو هێـزو دەسـەڵات بـە دەسـت موسـوڵمانانەوە بـوو، ئـەوە ئـەو ناوچەیـە دارالاسـلامە. دواتـر باسـی ئـەوە دەکـەین کـە ئەگـەر ناوچەیــەک دارالاســلام بووبێــت و کــافر هــاتبن بــە هــۆی هێــزەوە خسـتبێتیانە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە، هـەروەها باسـی ئـەوەی کـە ئەگـەر کافرێـک بـوو بـە دەسـەڵاتداری یەکـەمی وولاتێکـی ئیسـلام و رێـی دا کـە ئـەحکامی شـەرع جێبـەجێ بکرێـت کـە پێـی دەوترێـت (الاسـتیلاء النـاقص) واتـە نیمچـە دەسـەڵات کـە هـەر بـە دارالاسـلام دەمێنێتــەوە، ئەمــەش بەڵگــەیــەکی دیکەیــە کــە هــۆی حوکمــدان بەسـەر وولاتێکـدا کـە ئایـا دار الکـوفره یـان دارالاسـلام دەگەڕێتـەوە بۆ جۆری ئەو یاسایەی لەو وولاتەدا پیادە دەکرێت..

تێبینــی ئــەوە دەکرێــت کــە هــۆی حوکمدانەکــە جــۆری یاســاکەیە کــە لــە وولاتەکــەدا پیــادە دەکرێــت، ئەمــە وەســفی گونجـاوی واقیعەکەیـە، چونکـە یاسـا _نـەک حاکمەکـە_ وولاتەکـە بـە رەنگــی خــۆی دەنەخشــێنێت، بــۆ نموونــە وولاتێــک کــە ئــەحکامی شــەریعەتی ئیســلامی تێــدا پیــادە بکرێــت، کــە فەرمانــەکانی ئــەو جێبـەجێ بکرێـت و کـەس تـوخنی بەرهەڵسـتیەکانی ئـەو نەبێتـەوە ئیــدی مانــای وایــە ســیماو مــۆرکی وولاتەکــە هــەر ئیســلام

دەدرەوشــێنێنەوە، لــە هــەموو کــەس دیــارە کــە ئەمــە وولاتــی ئیســلامە.. بــە پێچەوانەشــەوە، وولاتێــک کــە یاســای کــوفری تێــدا پیــادە دەکرێــت، فــەرمانڕەوایی هــی کــوفرە، لــەدین هەڵگەڕانــەوەی تێدا جـائیز بێـت و مسـقۆفی (ئیلحـادو بـێ دینـی) ڕێـی لـێ نـەگیرێت و جنێـوی تێـدا بـە دیـن بـدرێت و ئانـەو ئەشـەر لـە ئیسـلام بـدرێت بـێ ئـەوەی هـیچ سـزایەکی هـەبێت یـان ڕێـی لـێ بگیرێـت، وولاتێـک سـووی تێـدا یاسـایەو زینـای تێـدا حەلاڵـەو شـەرابی تێـدا یاسـاییەو رووتــی و بــەرەڵایی مــۆرکی ئافرەتــانێنی و کاربەدەســتانی دەوڵــەت کــەس لەســەر نــوێژ نــەکردن و ڕۆژوو نــەگرتن و زەکــات نــەدان موحاســەبە ناکــەن و فــەرمان بــە چاکــە ناکــەن و بەرهەڵســتی لــە خراپــە ناکــەن و بــە پێچەوانــەوە ڕێ بــە ناشــەرعیەک دەدەن، ئیــدی هــەموو وولاتەکــە ڕەنگــی ناشــەرعی و کــوفرو بێــدینی گرتــووە ســا ئەمــە لــە هــەموو کەســێکەوە دیــارە کــە دارالکــوفرە، چونکــە ئەمــە ســیفاتی دارالکــوفرە جــا ئەگــەر حاکمەکەشــی بــە تــەنها وا نــەبوو چ کاریگەرییەکی لەسەر واقیعەکە دەمێنێ؟

لــەو بەڵگانــەی کــە ئــەوە دەســەلمێنن کــە هــۆی حوکمــدان لەســەر وولاتێــک بــە دارالکــوفر. یــان دارالاســلام دەســتورو یاســایە کــە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەهێزیەوە دەچەسپێنرێت:

ــ خــوای گــەورە دەفــەرموێ: (إِنَّ الَّذِيـنَ تَوَفَّـاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَـالِمِي أَنْفُسِـهِمْ، قَـالُوا فِـيمَ كُنْـتُم، قَـالُوا: كُنَّـا مُسْتَضْـعَفِينَ فِي الَارضِ، قَـالوا أَلَـمْ تَكُـنْ أَرضُ اللهِ واسِـعَةً فَتُهَـاجِرُوا فِيهـا) النســاء:٩٧ واتــە: ئــەو کەســانەی ســتەمیان لــە نەفســی خۆیــان کردبــوو کــە فریشــتەی خــوا ڕۆحــی کێشــان لەســەرە مەرگــدا لێیــان دەپرســین: ئــەرێ ئێــوە لــە چ حاڵێکــدا بــوون؟ ووتیــان: لەســــەر زەویــدا (لــە وولاتــی خۆمانــدا) لاوازو بێپــەنا کرابــووین، فریشــتەکان دەفــەرموون: ئــەدی ســەرزەمینی خــوای گــەورە هێنــدە

یان و پۆڕ نەبوو جێ و ڕێی ئێوەشی تێدا ببێتەوە تا لە وڵاتەکەی خۆتانەوە هیجرەت کەن؟!! ئاشکرایە کە ئەو موسوڵمانەی لێرەدا پێی وتراوە کە دەبوو هیجرەت بکات و ئەو وڵاتەی خۆی جێ بهێڵێت موستەزعەف بووە لاوازو بێ دەسەڵات و ژێردەستە بووە، لە بەرامبەریشدا کافران بەدەسەڵات و خاوەن هێز بوون..

ـ ئەو فەرمایشتەی تریش وایە کە خوای گەورە دەفەرموێ: (قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِنْ قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ ءَامَنُوا مَعَكَ مِنْ قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا) الاعراف:٨٨ واتە: گەورە پیاوانی قەومەکەی، ئەوانەی کە خۆبەزلزان (موستەکبیر)و لووت بەرز بوون پێیان ووت: هۆ شوعەیب، حەتمەن خۆت و ئەوانەی لەگەڵتدان و باوەڕیان پێت هێناوە لە ناوچەی خۆمانتان دەردەکەین، یا دەبێ بێنەوە سەر داب و نەریتی میللەتی خۆمان. ئیزافە کردنی ووشەی (قَرْيَتِنَا) بۆ خۆیان، ئیزافەی خاوەنێتی و نەسەبە، یەعنی ناوچەو شاری خۆمانە، یان ناوچەو شارێکە کە خەڵکی ئەوێین، یەعنی ناوچەی کافرە موستەکبیرەکانە، هەردوو ماناکە ئەوە دەگەێنن کە کافرەکان لەو وڵاتەدا خاوەن بوون و دەسەڵات و هێزیشیان تێیدا هەبووە، کە هەڕەشە لە موسوڵمانان دەکەن بەوەی کە یان دەبێت واز لە دینە نوێکەیان بهێنن و بگەڕێنەوە سەر داب و نەریت و دەستوری جاهیلیی یان دەبێ شار بەدەر کرێن! ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خاوەن هێزو دەسەڵاتن و فەرمانڕەوا هەر ئەوانن..

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە دارالکوفر: ئەو وڵاتەیە کە هێزو دەسەڵاتەکەی وا بە دەست کافرانەوەو ئەوان فەرمانڕەوایی تێدا دەکەن، فەرمانڕەواییش حوکم دەرکردنە، فەرمان کردن و

بەرهەڵستی کردنە، ئەمەش سیمای سەرەکی باڵادەستی و زاڵبوونە.

_ هەروەها ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُمْ مِنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا) ابراهیم: ٣١ واتە: ئەوانەی کوفریان کرد بە نێرراوەکانی خۆیان ووت: یان لە خاکی خۆمان شاربەدەرتان دەکەین، یان دەبێ بگەڕێنەوە ناو میللەتی خۆمان.. ئەوی دەربارەی ئەم ئایەتە دەووترێت، هەر ئەوەیە کە دەربارەی ئایەتی پێشووتر ووترا..

هەموو ئەم ئایەتانە ئەوە روون دەکەنەوە کە دارالکوفر ئەو وولاتەیە کە یاساو دەسەڵات تێیدا هی کافرانە..

ـ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە لە دوای فەتحی مەککە فەرمووی: (لا هِجْرَةَ بَعْدَ الْفَتْحِ)[1]، واتە: ئیدی دوای فەتحی مەککە هیجرەت لە مەککەوە جارێکی دیکە بۆ شوێنی تر ناکرێتەوە.. چونکە پێش فەتحی مەککە موسوڵمان بۆی نەبوو نیشتەجێی مەککە بێت، چونکە دارالکوفر بوو، هیجرەت فەرز بوو، بەڵام بە فەتح کردنەکە بوو بە دارالاسلام چونکە هێزو دەسەڵات لە دەستی کافراندا نەماو کەوتە دەست موسوڵمانان ودەستورو یاسای جاهیلییەتیش لادراو شەرعی خوا بووە یاساو رێسای وولات..

کەوابوو هۆی حوکمدان لەسەر وولاتێک کە دار الکوفرە یان دارالاسلام هێزو دەسەڵات و یاساو دەستورەکەیەتی، ئەوانە بەدەست هەر لایەنێکی کوفر و ئیمانەوە بوو، ئەوە حوکمی وولاتەکە دەبێتە هی ئەو، بۆیە ئیبنو حەزم رەحمەتی خوای لێ

[1] . متفق علیه

بێـت دەفـەرموێ: چونکـە وولاٌت (دار) ئیزافـە دەکرێتـە سـەر ئـەو لایەنـەی غاڵبـەو هێـزو دەسـەڵاتەکەی بەدەسـتەوەیەو خاوەنـەو فەرمانڕەوایی دەکات..[1]

ئەمەش هۆکاری حوکمدانە لەسەر وولاٌتان..

[1] (المحلی ١١/ ٢٠٠).

**پوختەی هۆی حوکمدان بەسەروولاتاندا:**

شێخ محمد ئەمین شەنقیتی دەفەرموێ: پوختەکردن لە رووی زمانەوانیەوە پاڵفتە کردن و بژارکردنە، پوختەی هۆ بە مانای رێکخستنەوەی هۆکار (عیللە)ەکەیە، بە دەرخستن و ئاشکراکردنی ئەوەی کە دەشێت ببێتە هۆکار کە روون کردنەوە پێویستی پێیەتی..[١]

هەندێک کەس لەم باسەدا لەوەدا بە هەڵەدا چوون کە وا دەزانن ئەگەر موسوڵمانان توانیان لە وولاتێکدا بە ئەمان بژین و توانایان هەبوو دروشمەکانی پەرستنی خۆیان ئاشکرا بکەن وەکو بانگ و نوێژو رۆژوو ئەوانی دیکە ئیتر ئەو وولاتە دەبێتە دارالاسلام..! لەم دیدە لێڵەوەیە کە هەندێک کەس دەپرسن: چۆن ئێوە فلان وولات بە دارالکوفر دەزانن کە هەر پایتەختەکەی زیاتر لە هەزار مزگەوتی تێدایە..؟!!

بەڵام ئەم قسانە هیچی لە رووی حوکمی شەرعیەوە ئیعتیباری نیە، چونکە وەکو روون کرایەوە ئەسڵ لە حوکمدان لەسەر وولاتێک کە دارالاسلامە یان دار الکوفرە، ئەو دەسەڵات و هێزو یاسایەیە کە بەسەریدا زاڵە، ئیدی هەموو سیفەت و وەسفێکی دیکەی غەیری ئەم دوو سیفەتە، کاریگەریی لەسەر حوکمی شەرعی نیە، بۆیە پێویستە هۆکاری حوکمدان بەسەر وولاتێکدا کە دارالاسلامە یان دارالکوفر. لەم بەهانەو هەنجەتانەی خوارەوەی بژار کەین، تا بە پوختەیی بکەوێتە بەردەست:

---

[١] . (مذكره أصول الفقه:٢٩٢).

**١. دینــی زۆرینــەی دانیشــتوان کاریگــەریی لــە حوکمــدان لەســەر وولاتان نیە :**

بەڵگـەی ئەمـەش خەیبـەرە کـە پێغەمبـەر ێلـی اللـە علیـە وسـلم لـە سـاڵی ٧ی کۆچیـدا رێـی دان لێـی بمێننـەوەو کشـتوکاڵی خۆیـانی تێـدا بکـەن.[١] ئاشـکرایە کـە زۆرینـەی دانیشـتوانی خەیبـەر کـە شـارۆچکەیەک بـوو جولەکـە بـوون، هـەر پێغەمبـەری خـوا صـلی اللـە علیـە وسـلم ئـەمیرێکی لـە ئەنسـاریەکان کردبـوو بـە والـی بەسـەریانەوە.[٢] هـەر واش مانـەوە تـا ئـەو زەمانـەی کـە سـەیدنا عومـەری کـوڕی خـەتاب خـوا لێـی رازی بێـت لـە سـەردەمی خیلافـەتی خۆیـدا دەری کـردن.. ئەمـە خەیبـەرەو دانیشـتوانەکەی جولەکەیـە بـەڵام هـەر بـە دارالاسـلام حسـێبە چونکـە ئـەو دەسـەڵات و هێـزەی تێیـدا زاڵـەو کاربەدەسـتە هـی موسـوڵمانانەو ئـەو ئەحکامەی حوکمی دەکات شەریعەتی ئیسلامە.

ئیبنـو حـەزم دەربـارەی ئەمـە دەفـەرموێ: ئـەو فـەرموودەی پێغەمبـەر صـلی اللـە علیـە وسـلم هـەر ئـەوە دەگرێتـەوە کـە ووتمـان کـە فەرموویـەتی: (أَنَابَرِيءٌ مِنْ كُلِّ مُسْلِمٍ أَقَامَ بَينَ أَظْهُرِ الْمُشْرِكِينَ) واتـە: مـن دوورم لـەو کەسـەی لـە نـاو موشـریکاندا دەژی، دیـارە هـەر مەبەسـتی دارالحەربـە، دەنـا خـۆ هـەر خـۆی علیـە الصـلاە و السـلام والـی خـۆی لـە خەیبـەر تـەعین کـرد کـە هـەموو دانیشـتوانەکەی جولەکـە بوون .ئەگـەر ناوچەیـەک هـەمووی ئـەهلی زیممـە بـوو، موسـوڵمان چووبـووە ناویانـەوە لەبـەر ئـەوەی کاربەدەسـتی ئیسـلامەو لـەوێ تـەعین بـووە، یـان بـۆ بازرگـانی چـووە، پێـی ناوترێـت کـافر

[١] (فەرموودەی ژمارەی ٤٢٤٨ ی بوخاری)..

[٢] . (بوخاری ژمارە ٤٢٤٦)

بووه یان خراپەکارە، نا، هەر موسوڵمانەو پیاوچاکە، چونکە وڵاتەکە وڵاتی ئیسلامە نەک وڵاتی شیرک.. لەبەر ئەوەی وڵات بە هۆی دەسەڵاتی زاڵ و خاوەن و فەرمانڕەواوە سەر بە لایەنێک دەبێت..[1] ئەبوالقاسمی الرافیعی شافیعی دەفەرموێ: بۆ دارالاسلام مەرج نیە دانیشتوانی موسوڵمان بن، گرنگ ئەوەیە لەژێر دەسەڵاتی ئیمامی موسوڵمانان و حوکمی ئیسلامەکەیاندا بێت..[2]

**٢. ئاشکرایی خواپەرستی کاریگەریی لە حوکمدان لەسەر وڵاتان نیە :**

چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو کاتی لە مەککە بوو دروشمە پەرستنەکانی ئیسلامی ئەنجام دەداو بانگەوازە خواییەکەشی دەگەیاندو دوژمنداریێتی خۆی بۆ موشریکان و بت و دینەکانیشیان ئاشکرا دەکردو تەبەرِای لە خۆیان و دینیان دەکرد، هەموو ئەمانە پێش هیجرەت بوو، هەندێک لە یاوەرانیشی هەر وا نوێژو قورئان خوێندنی خۆشیان لە مەککە پێش هیجرەتیان ئاشکرا دەکرد کە هێشتا مەککە هەر دارالکوفر بوو، موسوڵمانان هیجرەتیان لێوە دەکرد چونکە دەسەڵات و هێزی زاڵ بەدەست کافرانەوە بوو.. هەندێ کەس ئەم حاڵەی لا تێکەڵ دەبێت، یان بە هەڵە لێی حاڵی دەبێت، نابینیت ماوەردی رحمەالله بە هەڵە دەڵێ: ئەگەر موسوڵمان دەیتوانی لە وڵاتێک لە وڵاتانی کوفردا دینەکەی خۆی ئاشکرا کات بەوە ئەو وڵاتە دەبێتە دارالاسلام، مانەوە تێیدا باشترە لە هیجرەت کردن لێی، چونکە ئومێدی ئەوە

---

[1]. (المحلی ١١/ ٢٠٠).

[2]. (فتح العزیز شرح الوجیز للرافعی ٨/ ١٤).

هەیـە کـە خـەڵکی تـر موسـوڵمان ببێـت..[١] شـەوکانی ئـەم قەولـەی مـاوەردی نـەقڵ کـردووەو رەخنـەی لێگرتـووە، دەربـارەی دەفـەرموێ: هـیچ گومانێـک لـەوەدا نیـە کـە ئـەم بۆچوونـە پێچەوانـەی زۆر فەرمایشـتی پێغەمبـەرە صـلی اللـە علیـە وسـلم کـە لـەم باسـەدا هەیـە کـە دانیشـتن و ژیـانی نـاو کۆمەڵگـەی موشـریکان لە موسوڵمانان حەرام دەکات.[٢]

پێچەوانـەی ئەمـەش راسـتە، بـۆ نموونـە هـەبوونی ئـەهلی زیممـە لـە نـاو کۆمەڵگـەی موسـوڵماناندا، کـە دروشـمی پەرسـتنی خۆیـان بـە ئاشـکرا ئـەنجام بـدەن ناوچەکـە ناکـات بـە دارالکـوفر، چونکـە ئەنجامـدانی دروشـمی دینـی کـافران لـە دارالاسـلامدا مانـای ئـەوە نیـە کە دەسەڵات وهێز بەوانەو یاسای ئەوان زاڵە..

کـەوابوو دەرکـەوتن و ئاشـکرا ئەنجامـدانی دروشـمی پەرسـتن نابێتـە هۆکـاری حوکمـدان لەسـەر وولاتێـک کـە دارالاسـلامە یـان دارالکـوفر.. شـەوکانی دەفـەرموێ: ئـەوی جـێ ئیعتیبـارەو گرنگـە قسەرۆیشـتووییە، لـە هـەر وولاتێـک قسـەی ئـەوەڵ و ئـەخیر هـی موسـوڵمانان بـوو، فـەرمان و بەرهەڵسـتی بەدەسـت ئـەوان بـوو، دروشـمی کـافران بـە بـێ موڵـەتی ئـەهلی ئیسـلام دەرنەدەکـەوت، ئـەوە دارالاسـلامە، دەرکـەوتن و نیشـاندانی دروشـمی کـوفرین هـیچ زیـانێکی نابێـت چونکـە دەرکـەوتنی ئـەو دروشـمە کوفریانـە بـە هـۆی هێـزو دەسـەڵاتی کـافران خۆیانـەوە نـەبووە، لـە هـەموو سـەردەمانی هێـزی موسـوڵمانان و دەسـەڵاتیاندا هـەر وا بـووە، ئـەوە ئـەهلی زیممـە لـە جولەکـەو دیانـان، یـان لـە موشـریکانی هاوپـەیمانی

---

[١]. (فتح الباری ٧/٢٢٩).

[٢]. (نیل الاوطار ٨/ ١٧٨).

پاینەختــــە ئیســــلامیەکان، ئەگـــەر مەســــەلەکە پێچەوانــــە بــــۆوە، وولاتەکەش پێچەوانە دەبێتەوە..[١]

**٠٣ ئـەمـــانی هـەنـــدێک لــە دانیشـــتوانی وولات کاریگـــەریی لـــە حوکمی وولاتان نیە :**

کـافرانی هاوپـەیمانی موسـوڵمانان لـە دارالاسـلامدا لـە ئەمانـدا دەبـن، بـەڵام ئەمـە هـیچ کاریگەرییـەکی لەسـەر ئـەوە نابێـت کـە وولاتـەکـە هـەر دارالاسـلامە، موسـوڵمانە موهاجیرەکـانی حەبەشـە لـە ئەمانـدا بـوون، ئەمـە حەبەشـەی دارالکـوفری نـەکردە دارالاسـلام , بـە پێـی پـەیمانی حودەیبییـە کـە لـە نێـوان پێغەمبـەری خـوا صـلی اللـە علیـە وسـلم و قورەیشـدا مـۆر کرابـوو هـەر لـە کـاتی مۆرکردنیـەوە تـا زەمـانی فـەتحی مەککـە موسـوڵمانانی مەککـە لـە ئەمانـدا بـوون، بـەڵام مەککـە هـەر بـە دارولکـوفری مایـەوە تـا فـەتح کـرا، لـەو ماوەیەشـدا پێغەمبـەری پێشـەوا صـلی اللـە علیـە وسـلم عـەمرەی قـەزای کـردو خـۆی و موسـوڵمانانی مەدینـە بـە ئەمانـەوە چوونـە مەککـەوە، بـەڵام ئـەم ئەمانـە حوکمەکـەی نـەگۆڕی، مەککـە هـەر بـە دارالکـوفر مایـەوە تـا فـەتحی مەککـە کـراو بـووە دارالاسـلام، ئیـدی ئـەوەبوو کـە پێغەمبـەر صـلی اللـە علیـە وسـلم فـەرمووی: (لاهِجْرَةَ بَعْدَ الْفَتْحِ) واتـە: هیجـرەت دوای فـەتحی مەککـە لـە مـەککـەوە نـەما، نەیفـــەرموو دوای پەیمانەکـــە هیجـــرەت نـــەما، بـــەڵکو هـــۆی حوکمـــدانی ناوچەکـــەی روون کـــردەوە کـــە ئەمانەکـــە نیـــە بـــەڵکو وەدەســـت گرتنـــی دەســـەڵات و هـــەبوونی هێـــزو جێبـــەجێکردنی ئەحکامی شەرع بوو.

---

[١]. (السیل الجرار ٤/ ٥٧٥).

ئەمــە کــەمێک دەربــارەی پوختــە کردنــی هۆکــاری حوکمــدان لەسـەر وولاتـان کـە ئایا بـە چـی دەبێتـە دارالکـوفرو بـە چـی دەبێتـە دارالاســلام.. ئەمــە ئــەوە روون دەکاتــەوە کــە ئــەو وولاتانــەی زۆرینەکــەیان موســوڵمانن بــەڵام حــاکمی مورتــەدد بــە دەســتوورو یاســاو رێســای کــافران حوکمیــان دەکــەن دارالکــوفرن، ئەگــەرچی زۆرینــــەی موسوڵمانانیشــــیان نــــوێژو رۆژوو دروشــــمەکانی تــــری پەرسـتن لـە جومعـەو جەماعـەت بـە ئاشـکرا ئـەنجام دەدەن و لـە زۆر لــەو وولاتانــەدا موســوڵمانان لــە ئەمانــدان، بــەڵام هــەر بــە دارالکـوفر هــەژمارد دەکـرێن چونکـە ئـەو ئەحکامانـەی بەسـەریاندا دەچەسـپێت و ئـەو هێـزو دەسـەڵاتەی لـەو وولاتانـەدا فـەرمانڕەوایی دەکــات وا بەدەســت مورتــەددو کافرانەوەیــە، ئــەو دروشــمی خواپەرســتیانەش کــە موســوڵمانان بــە ئاشــکرا ئــەنجامی دەدەن لــە هێــزی خۆیانــەوە نــەهاتووە، بــەڵکو لەبــەر ئەوەیــە کــە حاکمــە کافرەکـان خۆیـان رێیـان پێـداون بـە بەڵگـەی ئـەوەی کـە هـەر کاتێـک ئـەو حاکمـە مورتەددانـە وویسـتیان ئـەمانیان لـێ سـەننەوەو ژیانیـان پـڕ کـەن لـە مەترسـی، بـەو سـەربازو ئـەمن وموخابەراتانـەی هەیانـە ئاسـان دەتـوانن بیکـەن، ئـەوەش واقیعـی ئـەمڕۆی زۆرینـەی ئـەو وولاتانەیــە کــە دەبینــرێن بــە نــاوی ئیرهــاب و جــەنگی تیــرۆرو دژایــەتی توندڕەویــەوە چــۆن ئــەمانیان لــە موســوڵمانان زەوت کردووەو دەیانچەوسێننەوە..

## خاڵێکی بەسوود: بەشەکانی دارالکوفر

دارالکـوفر بـە چەنـدین ئیعتیبـار بـەش دەبێتـەوە بـۆ چەنـدین لقـی دیکـە، بـەڵام نـاوی گشـتگیرییان هـەر دارالکـوفر یـان دارالشـرکە، لەو چەندین لقە ناوە:

**١. ئایـا کـوفری دارالکـوفر کۆنـە یـان تـازە بەسـەریدا هـاتووە؟ ئەمەش سێ جۆرە:**

ا- **<u>دارالکوفری ئەسڵی</u>**: ئەو وواڵتەیە کە پێشـتر دارالاسـلام نـەبووە، وەکـو یابـان و رۆژهـەڵاتی چـین و بـەریتانیاو کیشـوەرەکانی ئەمریکای باکورو باشوورو ئوستراليا.

ب- **<u>دارالکوفری کاتیی</u>**: ئەو وواڵتانەیە کە لە سەردەمانێکدا دارالاسلام بووە ـ پاشان کافرانی ئەسڵی دەسەڵاتیان تێدا گرتۆتـەوە دەسـت وەکـو ئەنـدەلوس (ئیسـپانیاو پورتوگـاڵی ئێسـتا) و فەلەسـتین و دەوڵـەتـانی رۆژهـەڵاتی ئـەوروپا کـە پێشـتر لـەژێر دەسـەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، وەک رۆمانیاو بولگاریاو یۆگوسلاڤیای پێشوو و یۆنان و ئەلبانیا..

ج- **<u>دارالردة</u>**: ئەمیش هەر لقێکە لە دارالکوفری کاتیی: ئەو وواڵتەیە کـە پێشـتر دارالاسـلام بـووە بـەڵام مورتـەدد زاڵ بـوون بەسـەریداو دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و ئەحکامی کوفرییان تێدا پیـادە کـردووە، وەکو ئەو دەوڵەتانەی ئەمڕۆ پێیان دەوترێت ئیسلامی! وەکو دەوڵەتە عەرەبیەکان[١]..

زۆرینەی ئەم وواڵتانە بە قۆناغی دارالکوفریی کاتیدا تێپەڕ بـوون، ئەو کاتـەی کـە ئیسـتیعماری خاچپەرسـتان خسـتیانە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـەوەو رێسـای ئـەحکامی وولاتـی خۆیـان تێـدا کـردە دەسـتوورو

---

[١] . بێ گومان کوردستانی باشووریش (و) .

بەزۆر بەسەر موسوڵمانانیاندا چەسپاند! پاشان ئەوان رۆیشتنە دەرەوە بەڵام کەوتە دەست مورتەددی ناو موسوڵمانانی ئەو وڵاتانە خۆیان..

هەندێک جیاوازی هەیە لە نێوان حوکمی شەرعی ئەم جۆرە دارالکوفریندا وەکو ئەو ئەحکامە شەرعیانەی وا لە نێوان دارالکوفرو دارالرددە کە ماوەردی باسی کردوون لە کتێبی (الاحکام السلطانیة ل: ٥٧ / چاپی الحلبی) دا.

حەز دەکەم خوێنەران لەوە ئاگادار کەمەوە کە لە ناوهێنان و وەسفی ئەم وڵاتانەدا دەنووسم وڵاتی موسوڵمانان لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانەکانیان موسوڵمانانن، ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەمانە دارالاسلامن، نا، چونکە ئەمانە دارالکوفرو دارالرددەن، جیهاد کردن دژی حاکمە کافرەکانیان لەسەر یەک یەکی موسوڵمانان فەرزی عەینە، هەر وەکو کە لە شوێنی تردا ئەمەمان روون کردۆتەوە..

**٠٢ دارالکوفر بە هۆی پەیوەندییەوە بە دارالاسلام دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

ا- **دارالحەرب**: ئەو وڵاتەیە کە لەگەڵ دارالاسلامدا تەقەبەس و پەیمانی نیە مەرجیش نیە مادام ناوی دارالحەربە ئیتر جەنگ لە نێوانیان ئەوان و دارالاسلامدا هەبێت، نا، هەر نەبوونی پەیمانی نێوانیان ئەو ناوەی لێناوە.. ئەمە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە موسوڵمانان بۆیان هەیە کەی بە بەرژەوەندی خۆیانیان زانی جەنگ دژی ئەهلی ئەم وڵاتانە بەرپا کەن، لەم روانگەیەوە پێی ووتراوە دارالحەرب..

ب- **دارالعهد**: وڵاتی هاوپەیمان: ئەو وڵاتانەیە کە لە نێوان ئەوان و دارالاسلامدا تەقەبەس و پەیمان و رێکەوتن هەیە، هەر وەکو مەککەی دواى مۆر کردنی پەیمانی حودەیبییە کە

لـه نێـوان موسـوڵمانان و کـافرانی قوڕەیشـدا لـە نێـوان سـاڵانی (٦–٨)ی کۆچیـدا ئەقەبـەس و ڕێکـەوتن و پـەیمان هـەبوو.. ئەمـەش لـە کاتێکـدا دەکرێـت کـە بەرژەوەنـدی موسـوڵمانان لـەو پـەیمان و ڕێکەوتنانـەدا بێتـە دی، وەکـو ئـەو کاتانـەی کـە هێزیـان کەمـەو لاوازن، وەکـو خـوای گـەورە دەفـەرموێ: (فَلا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلى السِّلْمِ وَأَنْتُمْ الَاعلَونَ) محمـد: ٣٥ واتـە: لاواز مـەبن و واتـان لـێ نەیـەت داوای ئاشـتی بکـەن، خـەمتان نـەبێت هـەر ئێـوە سـەربەرزترینن.. چونکـە خـوای گـەورە جـەنگی دژی کـافرانی لەسـەرمان فـەرز کـردووە نـەک پـەیمان و ئاشـتی، ئـەوە لـە کاتێکدایـە کـە ئێمـە پێویسـتمانە و بەرژەوەنـدیمانی تێـدا دێنێتـە دی..خـوای گـەورە دەفـەرموێ: (فَـاقْتُلُوا الْمُشْـرِكِينَ حَيْـثُ وجَـدَتْمُوهُمْ) التوبـە:٥ واتـە: موشـریکان بکـوژن لەهـەر کوێیـەک دیتتـانن , هـەروەها دەفـەرموێ: (وَقَـاتِلُوهُمْ حَـتَّى لاتَكُـونَ فِتْنَـةٌ وَيَكُـونَ الدِّيـنُ كُلُّـهُ لِلَّهِ) الانفـال: ٣٩ واتـە: کوشـتاریان لەگەڵـدا بکـەن تـا فیتنـەی پاشـگەزبوونەوە لـە ئیسـلام ڕوونـەدات و هـەر بەرنامـەی خـوا پیـادە بکرێـت.. بڕوانـە (المغنـی مـع الشـرح الکبیـر ٥١٧/١٠، والسـیر الکبیـر/ محمـد بـن الحسـن ١٦٨٩/٥). کـە تێیـدا هـاتووە: کـەس لـە موسـوڵمانان غـەیری خەلیفـە یـان ئـەوی ئـەو دیـاری کـردووە بـۆی نیـە پـەیمانی ئەقەبـەس و ڕێکـەوتن لەگەڵ کافراندا مۆر کات..

بەڵام دیارە لەم زەمانەی ئێمەدا کە خەلیفەمان نەماوە، هەر هـەموو ڕێکـەوتن و پەیماننامەیـەکی نێـو دەوڵـەتی کـە حاکمـە مورتـەددەکانی وولاتی موسوڵمانان لەگەڵ وولاتاندا مۆری دەکەن هیچ ئیعتیبـارێکی نیـە چونکە لە تەرەفی وولاتی موسـوڵمانانەوە حاکمانێـک مـۆری دەکـەن کـە شەرعییەتیان لەسەر موسوڵمانان نیە، هەبوون و نـەبوونیان وەکـو یەکـە،

که مادام هەبوون و نەبوونیان وەکو یەک وابێت، هیچ ڕێکەوتنێکیشیان جێ بایەخ نابێت..

**٠٣ دارالکوفر بە هۆی هەبوونی ئەمانەوە بۆ موسوڵمانان دوو جۆرە:**

ا- **ـ دارالامن:** ئەو وولاتەیە کە موسوڵمان ئەمانی تێدا دەست کەوتووە، وەکو حەبەشەی سەردەمی سەرەتای ئیسلام کە یاوەران لە ناو ئەشکەنجەی کافرانی مەککەو چەوساندنەوەیان کۆچیان بۆ کرد.

ب- **دارالفتنة**: ئەو وولاتەیە کە ئەمانی بۆ موسوڵمانان تێدا نیە، وەکو مەککەی سەردەمانی سەرەتای هاتنی ئیسلام و زۆرینەی وولاتانی دارالرددەی ئەم سەردەمەی ئێمە..

**بەشەکانی دارالاسلام :**

لـە نوسـینی ئـەهلی عیلمـدا جـاری وا هەیـە زاراوەی دیکـەی دارالاسلام دەبینرێت کە وەکو لقی ئری دارالاسلامن وەکو :

١. **دارالبغـی:** ئـەو وولاتەیـە کـە خـەواریج یـان چەکـدارانی موسـوڵمان لەوانەی لە خەلیفەی شەرعی یاخی بوون خسـتوویانەتە ژێـر رکێفـی خۆیانەوەو بە شەرعی خـوا حـوکمی دەکـەن، وولاتـە سـەرەکیەکەی دارالاسلام کە خەلیفەی موسوڵمانان حوکمی دەکات لە بەرامبەر ئەم دارالبغیەدا پێی دەوترێت دارالعـدل..

٢. **دارالفسق:** ئەو وولاتەیە کە هەر دارالاسلامە بەڵام فیسق و فجوورو گوناحکـاریی زۆری تێـدا دەرکـەوتووە.. شـەوکانی دەفـەرموێ: جەعفەری کوڕی موبەششیرو هەندێک لە هادەوییەکان دەفەرموون: هیجـرەت کـردن لـە دارالفسـق فـەرزە، هـەر وەکـو کـە لـە دالرالکـوفرەوە فـەرزە، لەگـەڵ هـەبوونی هەنـدێک خـاڵی جیـاوازی نێوانیان..

من وانازانم (شەوکانی دەفەرموێ) ئەم بـۆ چوونـە حـەقی پێکابێـت، چونکـە دارالفسـق هـەر دارالاسـلامە ئیتـر چـۆن هیجرەتـی لێـوە فـەرز دەبێت..[1]

بەڵام من (نوسەر) پێم وایە کۆچ کردن لـەو وولاتـە شـتێکی پەسـەند بێت مادام ئەو هەموو گوناح و تاوانەی بە ئاشکرا تێدا دەکرێـت، هـەر وەکو کە کابرای بکوژی سەد کەسەکە ئـەو وولاتـەی بـەجێ هێشـت کـە گوناحی تێدا دەکرا، چونکە ئەوی باسـی تۆبـەی بـۆ روون کـردەوە پێـی فەرموو کە باشتر وایە ئەو وولاتە جێ هێڵێت کە تاوان و گونـاحی تێـدا دەکرێت کە ئەو بە ناوی (ارض سوء) واتە: وولاتی خراپەکاریی ناوزەدی

---

[1] . (نیل الاوطار ١٧٩/٨).

کردبوو، تا روو بکاتە ئەو ناوچەیەی پیاوچاکانی لێیە تا لەوێ لەگەڵ ئەواندا خواپەرستی بکات..

٣. **دار اهل الذمة:** ئەمە ئەو وولاتە نیە کە هاوپەیمانی دارالاسلامە و رێکەوتن لە نێوان هەردوولادا هەیە، نا ئەویان دارالکوفرە، ئەمما ئەمەیان کە وولاتی ئەهلی زیممەیە[1] ئەمە هەرچەندە جۆرێکە لە دارالاسلام، هەر وەکو خەیبەر، دوای ئەوەی موسوڵمانان لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا صلی اللە علیە وسلم فەتحیان کردبوو.

محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانی لە باسی ئەم جۆرە وولاتەدا دەفەرموێ: ئەگەر ئەمیری سەربازانی ئیسلام گەمارۆی دانیشتوانی شارێکی لە شارەکانی دوژمن دا، هەندێکیان ووتیان خۆ تەسلیم دەکەین، هەندێکی دیکەیان ووتیان: نا دەبینە ئەهلی زیممە، ئەگەر موسوڵمانان ئەوەندەیان هێز هەبوو کە بتوانن بە هاریکاریی ئەوانی تر بیانهێننە ژێر رکێفی موسوڵمانان وحوکمی ئیسلامیان بەسەردا بچەسپێنن، ئەوە باشترە بیکەن.. سەرەخسی لە راڤەی ئەمەدا دەفەرموێ: چونکە پیادە کردنی ئەحکامی ئیسلام لەو حاڵەتەدا شتێکی مومکینە، ناوچەکەشیان ئەوکاتە دەبێتە وولاتی موسوڵمانان و ئەحکامی ئیسلامی تێدا باڵادەست دەبێت، پێشەواش دەیکاتە دارالاسلام و خەڵکەکەشی دەبنە ئەهلی زیممە..[2]

ئەمانەم بۆیە وا بە کورتی باس کرد هەر مەبەستەکە ئەوە بوو کە قوتابی شەرع زانیاریەکی گشتی لەسەریان هەبێت چونکە لە کتێبی شەرعدا بەرچاوی دەکەونەوە..

---

١. خاوەن پەیامە ئاسمانیەکان کە پەیمانیان لەگەڵ موسوڵمانان هەیە .. (و)

٢. (السیر الکبیر ٥/٢١٩٦ - ٢١٩٧).

## باسی چوارەم

### گۆڕینی سیفەتی وولات و حوکمی

باسی چوارەم وەسفی وولاتێک بە دارالاسلام یان بە دارالکوفر مەرج نیە شتێکی چەسپاوی نەگۆڕی هەتاهەتایی بێت، نا، ئەمە سیفەتێکە قابیلی گۆڕانە، گۆڕان و گۆڕینی پەیوەستە بەو هێزەوە کە زاڵ دەبێت و دەسەڵات دەگرێتە دەست و دیدو تێڕوانینی خۆی دەکاتە دەستوورو یاساو ڕێسای وولات.. لەوانەیە وولاتێک لە سەردەمانێکدا دارالکوفر بێت دواتر دەسەڵاتی موسوڵمانانی بەسەردا کشا بێت و شەرع بووبێتە دەستووری، بەمەش بووبێتە دارالاسلام، وەکو مەککە لە سەرەتای ئیسلامیدا. بە پێچەوانەشەوە دەشێت دارالاسلام بووبێت و پاشان کافران دەسەڵاتیان تێدا گرتبێتە دەست و ئەحکامی کوفریان تێدا کردبێتە دەستوور و بوبێتە دارالکوفر، وەکو ئەندەلوس و فەلەستین..

شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێ: کە وولاتێک بەوە وەسف دەکرێت کە (دارالکفر)ە یان (دارالاسلام والایمان)، (دارالسلم) یان (الحرب)، (دارطاعة) بووبێت یان (دارالمعصیه)، (دارالمؤمنین) بووبێت یان (دارالفاسقین)، مەرج نیە هەروا بمێنێت، چونکە ئەوانە سیفەتێکی پێوەلکاویی هەمیشەیی نین، دەشێت ناوچەیەک لە وەسفێکیەوە بگۆڕێت بۆ وەسفێکی دیکە، هەر وەکو کە کابرایەک لەخۆیەوە لە کافرێتیەوە بەرەو موسوڵمانبوون و

شەرعناسیی، یان بە پێچەوانەوە دەگۆڕێت.. [١] ئەمەی لە شوێنی دیکەی هەمان کتێبیدا دووپات کردۆتەوە[٢]

بەڵام ئیبنوحەجەری هەیتەمی کە شافیعی مەزهەبە لە کتێبەکەی خۆیدا (تحفة المحتاج لشرح المنهاج) رای وایە کە ئەگەر کافران بە هێزەوە هاتنە سەر دارلاسلام و ئەحکامی خۆشیان کردە یاساو رێسای فەرمانڕەوایی هەر نابێت بە دارالکوفر!! بەڵگەشی ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (الإِسلامُ يَعْلُو وَلا يُعْلى) [٣]واتە: ئیسلام هەمیشە زاڵ دەبێت و بەسەریدا زاڵ نابن!!

سددیق حەسەن خانیش لە ئیبنو حەجەری هەیتەمیەوە ئەم رایەی نەقڵ کردووەو لە کتێبەکەی خۆیدا (العبرة فیما ورد فی الغزو والشهادة والهجرة ل:٢٤٠دار الکتب العلمیە) هێناویێتیەوە، هەندێک لە نوسەرانی سەردەمیش ئەم رایەیان پەسەند کردووەو پێوەی پابەند بوون!! ناڕەوایی ئەم قەولە هەر لە بنەڕەتیەوە دیارە، چونکە ئەو بەڵگانەی کە هۆی حوکمدانی وولاتان بۆ دارالکوفرو دارالاسلام دیاری دەکەن رۆشنن، هەموویان جەخت لە هەبوونی هێزو دەسەڵات دەکەنەوە پاشان ئەو یاساو رێسایەی حوکمی ناوچەکە دەکات، زانایان و شەرعناسان لەسەر ئەوە رێکن کە بەڵگەی تایبەت دەخرێتە پێش بەڵگەی گشتیەوە، هەر وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأُولاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ) الطلاق :٤ واتە: ئەو ئافرەتانەی دووگیانن ماوەی عیددەکەیان تا

---

١. (مجموع الفتاوی٢٧/ ٤٥)

٢. (ب ١٨ ل ٢٨٢ ـ ٢٨٤، وب ٢٧ ل ١٤٣ ـ ١٤٤).

٣. دارەقوتنی لە عائیزی کوڕی عەمرەوە بە سەنەدی حەسەن و بە مەرفوعی گێراویێتیەوە ، بوخاریش بە موعەللەقی لە باب الجنائزدا هێناویێتیەوە .( فتح الباری ٣/ ٢١٨ ـ ٢٢٠ ).

ئـــەو کاتەیـــە کـــە کۆرپەکـــەیان دەبێـــت. یـــەعنی دوای ئـــەو کاتـــە دەتـوانن شـوو بکەنـەوە. ئـەم ئایەتـە کـە تایبەتـە دەخرێتـە پـێش ئـەو ئایەتــە گشــتیەی کــە خــوای گــەورە دەفــەرموێ: (وَالْمُطَلَّقَـاتُ يَتَرَبَّصْـنَ بِأَنْفُسِـهِنَّ ثَلاثَـةَ قُـرُوءٍ) البقــرة: ٢٢٨ واتــە: ئــەو ئافرەتانــەی تــەڵاق دەدرێـن دەبـێ تـا سـێ جـار پـاک بوونـەوە لـە سـوڕی مانگانـەیان چـاوەڕوان بکـەن پاشـان شـوو بکەنـەوە.. زانایـان لـەم مەسـەلەدا راجـوێ نـین.. جـا ئەگـەر بۆچوونەکـەی ئیبنـو حەجـەری هەیتـەمی راسـت بوایـە دەبـوو ئـەوەش راسـت بوایـە کـە بوترێـت موسـوڵمان قــەت کــافر نابێــت..! چونکــە ئیســلام زاڵ دەبێــت هیچــی دیکــە بەســەر ئــەودا زاڵ نابێــت..! ئەمــەش پێچەوانــەی دەق و کــۆڕای زانایــان و شەرعناســانە.. پێغەمبــەریش صــلی اللــه علیــه وســلم دەفـەرموێ: (مَـنْ بَـدَّلَ دِينَـهُ فَـاقْتُلُوهُ)[1]، واتـە: هـەر کـەس دینەکـەی گـۆڕی بیکوژن..

ئـەم دەقـە گشـتیەی ئیبنـو حەجـەری هەیتـەمی کردوێتـی بـە بەڵگـە، نـابێ دەقـە تایبەتیـەکانی بابـەتی تـری پـێ رەت کرێتـەوە، چونکـە ئـەو قەولـەی کـە دارالاسـلام قـەت نابێتـەوە بـە دارالکـوفر. دژی بەڵگـەی هـەموو زانایـان و جمهـوری شەرعناسـانە.. ئەگـەر ئـەو قەولـەی ئـەو بـە بەڵگـە بـزانین دەبـێ بڵێـین کـە ئیسـپانیای دیـانی ئێسـتا دارالاسـلامە چونکـە پێشـتر کـە ئەنـدەلوس بـوو دارالاسـلام بـوو، ئەمــەش ئــەو حوکمــە لەســەر موســوڵمان فــەرز دەکــات کــە دەبــێ هیجـرەت بکـەن بـۆ ئیسـپانیای دارالاسـلام و بـە ئاسـانی لێگـەڕێن ئـەو حـوکمی کـوفرەی لـەو وڵاتـە پیـادە دەکرێـت لەسـەر موسـوڵمانانیش جێبـەجێ بکرێـت! ئـەو سـاتەش ناشـێت کـەس هیجـرەت لـەوێوە کـە

---

[1]. بخاري

به دارالاسلام حسێبه بۆ وولاتانی دیکه بکەن، چونکه هیجرەت بەرەو دارالاسلام دەکرێت نەک له دارالاسلامەوه بۆ دەرەوەی، هەروەها ناشێت موسوڵمانان بیر کەنەوه که رۆژێ له رۆژان هێرش بکەنه سەر ئیسپانیا چونکه دارالاسلامه، ئەگەر کافرانیش هێرشیان هێنایه سەر ئیسپانیا ئەو کاته جیهاد لەسەر موسوڵمانان دەبێته فەرزی عەین که بڕۆن و بەرگریی لەو ئیسپانیایه بکەن!! ئیدی ئاوا دەیان حوکمی دیکه بەو قەولەی ئیبنو حەجەری هەیتەمی بۆ موسوڵمانان دێته پێشەوه که مولزەمیان دەکات، هەڵەی ئەم هەڵوێستانەی لەسەر ئەم قەوله دادەمەزرێت بەسه بۆ زانینی هەڵەی قەولەکه!

## کاریگەری دەسەڵاتی کافران بەسەردارالاسلامدا:

**ئەمەش دوو جۆرە:**

١. **سەیتەرەکردنی تەواو**: وەکو ئەوەی کافران بە تەواوی بەسەر وولاتێکی ئیسلامیدا زاڵ بووبن و ئەحکامی کوفری خۆیانیان تێدا باڵا دەست کردبێت، ئەمە دەبێتە دارالکوفر چونکە هۆکاری حوکمدانی وولاتان بە دارالکوفری- بە پێی پێناسەی زانایان و شەرعناسان- تێدا هاتۆتە دی. وولاتانی ئێستای موسوڵمانانیش ئەوانەی کە بە پێی یاسای کوفرین حوکمڕانی دەکرێن هەموو دەچنە ریزی ئەم جۆرە دارالکوفرەوە. ئەمە ئەو جۆرە دارالکوفرەیە کە شێخ سولەیمانی کوڕی سەحمانی نەجدی[1] بەم شیعرەی باسی کردووە:

إذا ما تولي كافرٌ متغلبٌ ... علي دار إسلام وحَلَّ بها الوجل
وأجري بها أحكامَ كفرٍ علانياً ... وأظهرها فيها جهاراً بلا مهل
وأَوْهَي بها أحكام شرع محمد ... ولم يَظهر الإسلام فيها ويُنتحل
فذي دار كفر عند كل محقق ... كما قاله أهل الدراية بالنِحَل
وما كل مَنْ فيها يُقال بكفره ... فرُبَّ امريءٍ فيهم علي يَالح العمل[2]،[3]

---

[1]. (١٣٤٩ کۆچی دوایی کردووە)

[2]. ئەگەر کافرێك بەسەر دارالاسلامێکدا زاڵ بوو ، ترس و بیمی تێدا بڵاو کردەوە .
ئەگەر حوکمی کوفری تێیدا زوو ئاشکرا کردو راشکاوانە ، بێ خەم پیادەی کرد .
کە ئەحکامی شەریعەتەکەی محمدی لاواز کردو نەیهێشت ئاشکراو پیادە کرێت .
ئەوە لای هەموو توێژەرەوان و شارەزایانی کۆمەڵ و پێڕان ، بۆتە دارالکوفر .
بە هەموو کەسانەی کە لەوێش نیشتەجێن ناوترێ کافرن ، چونکە لەوانەیە هی وایان تێدا بێت کە خاوەن کارو کردەوەی چاکە بێت..

[3]. لە کتێبی (الموالاة والمعاداة / محماس الجلعود ٢/ ٥٢٢) وەرگیراوە..

لە شێخ محمدی کوڕی ئیبراهیمی ئال الشەیخیان پرسی: ئایا هیجرەت لەسەر موسوڵمانانی وولاتێک فەرز دەبێت کە بە یاسا حوکمڕانی دەکرێت.؟ فەرمووی: ئەو وولاتەی بە یاسا حوکم دەکرێت وولاتی ئیسلام نیە، هیجرەت لەو وولاتە فەرزە، هەروەها لە هەر جێیەکی دیکە کە شیرکی تێدا بچەسپێنرێت بێ ئەوەی نکوولی لێ بکرێت و هەوڵی گۆڕینی بدرێت، کوفر بە بڵاوبوونەوەو دەرکەوتنیدا دەبێت، ئەوەش بۆتە وولاتی کوفر..[1]

٢.**نیمچە سەیتەرەکردن:** وەکو ئەوەی کافران بەسەر وولاتێکی ئیسلامیدا زاڵ ببن بەڵام ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام وەکو خۆی لەو وولاتەدا هەر فەرمانڕەوا بمێنێت، ئەمەش وەکو وولاتی شام لەسەردەمی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا کە تەتارەکان دەسەڵاتی ناوچەکەیان گرتە دەست بەڵام رێیان دا قازی شەرع لە شوێنی خۆیان بمێنن و هەر بە پێی شەریعەتی ئیسلامی داوەری نێوان خەڵکەکە بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە زانایانی ئیسلام تەتاریان بە کافر ناساندبوو، لەبەر ئەوەی لە ناو خۆیاندا بە یاسق حوکمیان دەکرد کە دەستوورێکی خۆیان بوو جەنگیزخانی سەرۆکیان بۆی دارشتبوون..[2] لە زانایانی ئەو سەردەمەوە ئەوە نەقڵ کراوە کە وولات نابێت بە دارالکوفر مادام شەریعەتی خوای تێدا فەرمانڕەوا بێت..[3]

---

[1] . (فتاوی ورسائل الشیخ محمد بن إبراهیم ال الشیخ / کۆکردنەوەی محمد بن عبدالرحمن بن قاسم، چاپی ١٣٩٩ک/مکه المکرمه ب ٦ ل ١٨٨).

[2] . بڕوانە (العبرة / صدیق حسن خان ل ٢٣٢، و(وثائق الحروب الصلیبیة والغزو المغولی/ محمد ماهر حمادة).

[3] . بڕوانە (العبره / صدیق حسن خان ل ٢٣٢).

دەبــێ لــەم خاڵەشــدا ئــەو ووردەکارییــە بــەرچاو بگیرێــت کــە چەســپاندنی شــەریعەتی ئیســلام لــەو جــۆرە شــوێنانەدا کــە کــافران تێیــدا زاڵ بــوون، ئایــا بــە هێــزی بــازوی موســوڵمانان خۆیانــە، یــان کافرە بەدەسەڵاتەکان ڕێیان داوە..؟!

ئەگــەر بــە هــۆی هێــزو بــازووی موســوڵمانانەوە شــەریعەتی خــوا هــەر وا لــە فــەرمانڕەوایی خەڵکــە موســوڵمانەکەدا بــەردەوام بــوو، ئــەوە دارالاســلام مــاوە، وەکــو ئــەو ســەردەمەی کــە شــام کــەوتبووە ژێــر دەســەڵاتی تــەتارە کافرەکانــەوە، کــە شــەریعەتی ئیســلام فــەرمانڕەوا مــابوو، دیــارە کــە تــەتارەکان دەیانوویســت هەنــدێک تــەنازوول بــۆ موســوڵمانانی شــام بکــەن و نەیاندەوویســت ئیســتیفزازی موســوڵمانان بکــەن نــەبادا لێیــان راپــەڕن، چونکــە ئاشــکرایە کــە هــیچ کاتێــک کــافران تــەنازوول بــۆ ئــەهلی ئیســلام ناکــەن مەگــەر ئەوەنــدە لاواز بــووبن کــە نــەتوانن لــە هــەموو لایەنێکــەوە موســوڵمانان و وولاتیــان کــۆنترۆڵ کــەن، بــارودۆخی موســوڵمانان و ســوپای تــەتار لــەو ســەردەمەدا وەکــو ئیمــامی ئیبنــو کەثیــر لــە بــەرگی چواردەیــەمی کتێبــی (البدایــة والنهایــة) دا بــاس دەکــات ئــاوا بــوو، جارێــک موســوڵمانان بــەهێز دەبوونــەوەو تــەتاریان دەردەپەڕانــد، جــاری دیــش هــەبوو کــە تــەتار بــەهێز دەبوونــەوەو دەهاتنــەوە ســەر موســوڵمانانی شــام، شێخولئیســلام ئیبنوتەیمییــەش زۆرجــار بەشــداری ئــەم کــەڕو فــەڕی جەنگــەی نێــوان موســوڵمانان و تــەتاری دەکــرد.. کــەوابوو ئەگــەرچی حاکمەکــە کــافر بــووە بــەڵام مــادام ئــەحکامی شــەریعەتی ئیســلام فــەرمانڕەوای نێــوان موســوڵمانانە وولات هــەر بــە دارالاســلامی دەمێنێتــەوە.. دارالاســلامێکیش کــە

حاكمە موسوڵمانەکەی لە دینەکە پاشگەزببێنەوە هەر وایە بەو مەرجەی هیچ لە ئەحکامی شەریعەتی خوا نەگۆڕێت و شەرع هەروا فەرمانڕەوا بمێنێت.. لە هەردوو حاڵەتیشدا موسوڵمانان دەبێت شۆڕش دژی ئەو دوو جۆرە حاکمە (کافرە زاڵەکەو حاکمە مورتەددەکە) بەرپا کەن کە خۆیان بەسەر ئوممەتەکەدا سەپاندووە، تا بتوانن لایاندەن و رایاندەن و حاکمێکی موسوڵمان بخەنە جێیان، ئەو شۆڕشەی بەرامبەر ئەو دوو جۆرە حاکمە بەرپا دەکرێت لە جۆری جیهادی دەفعەو دەشبێتە فەرزی عەین لەسەر یەک یەکی موسوڵمانان..

ئەمما ئەگەر بە هۆی رێپێدانی کافرانی دەسەڵاتدارەوە شەریعەتی ئیسلام پیادە دەکرا، نەک بە هێزی خۆیی موسوڵمانان، ئەوە ئەو وڵاتە هەر دارالکوفرە چونکە کافرەکە هەر کاتێک ویستی ئەو مۆڵەتە لە موسوڵمانان دەستێنێتەوە ئەمەش وەکو ئەو سەردەمەی ئەندەلوسە کە ئیسپان دەسەڵاتیان کەوتەوە بەردەست، هەر وەکو کە محمدی کوڕی جەعفەری کەتتانی لە کتێبەکەیدا (نصیحە اهل الإسلام) دەگێڕێتەوە کە مەرجەکانی تەسلیم کردنی ئەندەلوس بە ئیسپان باس دەکات دەڵێ: بڕوانە، کە ئەوەندە تینیان بۆ ئەهلی ئەندەلوس هێنا، کە ئەو هەموو جەنگەیان لەگەڵدا کردن، کە شارەکانیان زۆر بە توندی گەمارۆدان، دانیشتوانی ئەندەلوس ناچار بوون بەدەنگ داوای ئیسپانەکانەوە بچن و بچنە ژێر رکێف و دەسەڵاتیانەوە، بەو مەرجانەش کە ئیسپان بۆی دانابوون، کە پەنجاو پێنج، هەندێک دەڵێن شەست و حەوت مەرجی قورس بوون، لەوانە ئەماندان بە گەورەو بچووکیان لە گیان و سامان و کەسوکاریاندا، مانەوەی ماڵ و خانوبەرەیان وەکو خۆی، چەسپاندنی شەریعەتی

ئیسلام لە ناو خۆیاندا بێ ئەوەی کەس تەدەخول بکاتە کاریانەوە، مزگەوت و ئەوقافیان وەکو خۆی بمێنێت.. تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ: ئیدی ئاوا مەرجەکانیان لە سەرەتاوە بەسەردا دان، پاشان خوا خەجاڵەتیان کات، کە بینیان وا موسوڵمانەکان هەموو مەرجەکانیان قبوول کردووەو ئەمانیش دنیایان بۆ تەخت بوو، یەک یەک لە مەرجەکانیان پاشەکشەیان کردو هیچ جۆرە ئەمانێکیان بۆ موسوڵمانان نەهێشتەوەو پەیمانەکەیان لە لایەنی خۆیانەوە هەڵوەشاندەوەو کەوتنە ویزەی موسوڵمانان، تا موسوڵمانێک نەما رێزو پێزی هەبێت، کە هەموانیان زەلیل کرد ئینجا هەموو موسوڵمانەکانیان ناچار کرد کە دەبێ بە تەواوی واز لە ئیسلام بهێنن و ببنە مەسیحی![1] وەک دەبینیت لە سەرەتاوە داوەری دەبرایەوە بەر شەرع، بەڵام بە مۆڵەتی کافر بوو، ئەمە حوکمی وڵاتەکە دارالکوفرە ناگۆڕێت بۆ دارالاسلام، هەر وەکو کە مۆڵەتدانی دەسەڵات و خەلیفەی ئیسلام بە ئەهلی زیممە کە دروشمەکانی پەرستنی خۆیان ئاشکرا بکەن و بۆ داوەری کێشەکانیان بچنەوە لای قەشەکانیان دارالاسلامەکە ناکاتە دارالکوفر.. سددیق حەسەن خان دەفەرموێ: هەر کاتێک بە بینین و بیستنی دەماودەم لەوە دڵنیابووین کە کافران دەستیان بەسەر وڵاتێکی موسوڵماناندا گرتووەو خستوویانەتە ژێر رکێفی خۆیانەوەو خەڵکە موسوڵمانەکەیان زەلیل کردووەو ناهێڵن دروشمەکانی ئیسلام بە بێ مۆڵەتی کافران ئاشکرا ئەنجام بدرێت، ئەوە ئەو وڵاتە بۆتە دارالکوفر ئەگەرچی نوێژەکانیشی

---

[1] . (نصیحة أهل الإسلام / چاپی مکتبە بدر / الرباط ١٤٠٩ ك، ل ١٠٢-١٠٣).

تێدا بکرێت..[١] فەتواکەی ڕۆشنە کە هەر کاتێک کافران دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەیەکی موسوڵماناندا کشاو خەڵکەکەیان وا لێ کرد کە بە بێ مۆڵەتی ئەوان نەتوانن دروشمەکانی ئیسلام ئاشکرا کەن[٢] ئەوە ئەو وولاتە بۆتە دارولحەرب.. ئەمەی لە شوێنی دیکەی هەمان کتێبیدا دووپات کردۆتەوە، وەک دەفەرموێ: لەمەوە کە باسمان کرد بۆت دەردەکەوێت کە شاری عەدەن و دەوروبەری ئەگەر شایەتمان و نوێژەکانی بە بێ مۆڵەتی کافران تێدا ئاشکرا بکرێت - ئەگەرچی سیفاتی کوفریشی تێدا دەردەکەوێت - هەر بە دارالاسلام دەژمێررێت، ئەگەر نا[٣]، دارالکوفر دەبێت.. [٤]مەبەستی شاری عەدەنی باشووری یەمەنە کە لە ناوەندی سەدەی نۆزدەهەمدا ئیستیعماری ئینگلیزی داگیری کردبوو..

---

[١]. (العبرة فيما جاء في الغزو والشهادة والهجرة / ل ٢٣٦).

[٢]. وەك بانگدان و جومعەو جەماعەت کردن و نوێژی جەنازە و داوەری بردنە لای شەرع و فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپەو .. هتد .. (و)

[٣]. یەعنی ئەگەر شایەتمان و نوێژەکە بە مۆڵەتی کافران ئەنجام دەدرا دەبێتە دارالکوفر .. (و)

[٤]. (العبرة فيما جاء في الغزو والشهادة والهجرة / ل ٢٣٧).

## خاڵێکی بەسوود:ووڵاتی ئاوێتە:

شێخولئیسلام جگە لە دارالکوفرو دارالاسلام ووڵاتێکی دیکەی وەک بەشی سێیەم ناوبردووە، کە ناوی ناوە ووڵاتی ئاوێتە (دار مركبة).. دەربارەی ناوچەی ماردینی ئەو سەردەمە لێی دەپرسن: ئایا ماردین دارالحرب ە یان دارالسلم ە؟ ئایا ئەو موسوڵمانانەی لەوێ نیشتەجێن دەبێت هیجرەت بکەن بۆ شوێنێکی دیکە؟ ئەگەر هیجرەت لەسەریان فەرزە، بەڵام موسوڵمانێک هیجرەتەکەی نەکردو لە جێی ئەوەش بە گیان و ماڵیەوە یارمەتی دوژمنانی ئیسلامی دا، ئایا گوناهبار دەبێت؟! ئەگەر یەکێک پێی بڵێ دووڕووە یان جنێوی پێ بداتءئایا جائیزە؟!

ئەویش رەحمەتی خوای لێ بێت لە وەڵامیدا دەفەرموێ: الحمد للە.. خوێن و سامانی موسوڵمانان لە هەر کوێ بن هەر حەرامە، لە ماردین بن یان لە شوێنی تر، یارمەتیدانی ئەو کەسانەی لە شەریعەتی ئیسلام دەرچوون لە هەر کوێ بێت هەر حەرامە، خەڵکی ماردین بن یان شوێنی تر، ئەو کەسەش کە نیشتەجێی ماردینە ئەگەر نەتوانێت دینەکەی پیادە کات هیجرەت کردن لەسەری فەرزە، ئەگەر دەشیتوانی دینەکەی پیادە کات، هیجرەتەکەی باشترە بەڵام لەسەری فەرز نابێت..

ئەمما یارمەتیدانی دوژمنی موسوڵمانان بە گیان و سامان حەتمەن لێیان حەرامە و دەبێ زۆر زوو بە هەر رێگایەک کە دەتوانن واز لەوە بهێنن، وەک ئەوەی خۆیان نیشان نەدەن و لەو ناوە دوور کەونەوە، یان خۆلادەن لێیان، یان وا دەرخەن کە یارمەتیان دەدەن بەڵام لە راستیدا خۆدزینەوەیان مەبەست بێت، ئەگەر ئەمانەیان پێ نەدەکرا هیجرەت کردنیان فەرزەو نابێت لەوێ بمێننەوە..

بــه نیســبەت جنێوپێدانیانــەوە یــان تۆمــەتبارکردنیان بــەوەی دووڕوون، ئــەوە رەفتــارێکی نەشــیاوەو جــائیز نیــە، جنێــو دان و تۆمــەتبار کــردن بــە دووڕوویــی دەبــێ بــە گــوێرەی هــەبوونی ئــەو ســیفەتانە بێــت کــە باســیان لــە قورئــان و ســوونەتدا هــاتووە، لەوەشدا خەڵکی ماردین و غەیری ماردین وەکو یەکن..

ئـەمما لـەوەی کـە دارالکـوفرە یـان دارالاسـلامە، ئـەوە وولاتـی ئاوێتەیـە (دارمرکبـة): هـەردوو پێناسـەکەی تێدایـە، وولاتـی ئیسـلام نیـە تـا ئـەحکامی شـەرعی تێـدا جێبـەجێ بکرێـت و سـەربازەکانی موسـوڵمان بـن، دارالحـەربیش نیـە کـە خەڵکەکـەی کـافر بـن ئەمـە جـۆری سـێیەمە، ئـەو موسـوڵمانەی لـەوێ دەژی رەفتـاری بـەوەی شـایانێتی لەگەڵـدا دەکرێـت، ئـەوی لـە شـەریعەتی ئیسـلامیش یـاخی بـووە بـە گـوێرەی شـایانێتی خـۆی جـەنگی لەگەڵـدا دەکرێـت..[1] مـاردین شـارێکە ئێسـتا دەکەوێتـە باشـووری تورکیـاو نزیکـی سـنووری سوریایە..[2]

ئـەوی لـە پرسـیارو وەڵامەکـە دەفامرێتـەوە ئەوەیـە کـە مـاردین ناوچەیەکـە کـە کـافران (دوژمنـی موسـوڵمانان) دەسـتیان بەسـەردا گرتـووە، ئـەحکامی شـەریعەتی ئیسـلام فـەرمانڕەوایی خەڵکەکـەی ناکـات و سەربازەکانیشـی موسـوڵمان نـین، دانیشـتوانەکەی تێکەڵەیەکـە لـە موسـوڵمان و کـافر.. گومـانی تێـدا نیـە ئەمـە دارالحەربـە، وەکـو ئیبنوتەیمییـە خـۆی فـەرمووی: مـەرج نیـە دانیشـتوانی دارالحـەرب کـافر بـن، پێشـتر ئێمـەش ئـەوەمان بـاس کـرد

[1]. (مجموع الفتاوی/ ۲۸/ ۲٤۰ ـ ۲٤۱)

[2]. دةكةويَتة باكووری كوردستانی طةورة .(و)

کـه دینـی دانیشـتوانی وولاتێـک کاریگـەریی لەسـەر ئـەوە نیـە کـە حوکمی دارالاسلامی بەسەردا دەدرێت یان دارالکوفر..

شێخولئیسـلام لـەوەدا کـە جـۆری سـێیەمی وولاتـی هێناوەتـە کایـەوە بەڵگـەی لاوازە، چونکـە پێچەوانـەی کـۆڕا (ئیجمـاع) ی زانایـانی پـێش خـۆی کـردووە کـە بەڵگـەیان لەسـەر ئـەوە هەیـە کـە وولاتـان یـان دارالاسـلامن یـان دارالکـوفرن. لەبـەر ئەمەیـە کـە زانایـانی نەجـدیش بۆچوونەکـەی ئیمـامی ئیبنوتەیمییـەی رەحمـەتییان رەت کردۆتـەوە فەرموویانـە: ئـەو وولاتـەی کـە پێناسـەی دارالکـوفری بەسـەردا دەچەسـپێت، ئەوەیـە کـە ئیبنـو مـوفلیح فەرموویـەتی کـە بریتیـە لـە هـەر وولاتێـک ئـەحکامی موسـوڵمانانی بەسـەردا چەسـپا بێـت، ئیـدی ئـەوە دارالاسـلامە، ئەگـەر کـافرانیش تێیدا باڵادەست بوونەوە ئەوە دەبێتە دارالکوفر

وولاتـانیش هـەر بـۆ ئـەم دوو جـۆرە دابـەش دەبـن، جـۆری سـێیەمیان نیـە.. هەرچەنـدە شـێخ تـەقییوددین (مەبەسـتی ئیبنوتەیمییەیـە) لـە پێناسـەی ناوچـەی ماردینـدا کـە لێـی دەپرسـن کـە ئایـا دارالحەربـە یـان دارالاسـلام..؟ ئـەو دەفـەرموێ: ئـەوە وولاتێکـی ئاوێتەیـە (دارمرکبـة): هـەردوو پێناسـەکەی تێدایـە، وولاتـی ئیسـلام نیـە تـا ئـەحکامی شـەرعی تێـدا جێبـەجێ بکرێـت، چونکـە سـەربازەکانی موسـوڵمانن، دارالحـەربیش نیـە کـە خەڵکەکـەی کـافر بـن ئەمـە جـۆری سـێیەمە، ئـەو موسـوڵمانەی لـەوێ دەژی رەفتـاری بـەوەی شـایانێتی لەگەڵـدا دەکرێـت، ئـەوی لـە شـەریعەتی ئیسـلامیش یـاخی بـووە بـە گـوێرەی شـایانێتی خـۆی جـەنگی لەگەڵـدا دەکرێـت..[1] واتـە ئـەو دابەشـکردنەی کـە ئیبنوتەیمیـە کردوێتـی بـەلای زانایـانی

[1] . (الدرر السنية في الاجوبة النجدية/ جمع ابن قاسم، ب ٧ كتاب الجهاد ل ٣٥٣).

نەجـدەوە راسـت نـەبووە، بۆیـە ئـەمانیش هـەر بۆچـوونی زانایـانی پـێش ئیبنوتەیمییـەیان بەراسـتتر زانیـووە کـە فەرموویانـە وولاتـان دوو جۆرن و بەس..

شـێخ سـولەیمانی کـوڕی سـەحمان دەفـەرموێ: ئـەو ناوچـەی ماردینـەی کـە لـە شێخولئیسـلام تـەقییوددین ئیبنوتەیمییـە پرسـیار کـرا دەربـارەی ئـەحکامی کـافرانی بەسـەردا نەچەسـپێنرابوو، لەبـەر ئەوەیـە کـە دەسـەڵاتی کافرەکـان دەسـەڵاتێکی نوقسـان بـوو، دەنـا ئەگـەر ئـەوە راسـت بوایـە کـە ئـەحکامی کـافرانی بەسـەردا بچەسـپایا ئـەوە دەبـوو بـە دارالکـوفر چونکـە وەکـو ووتمـان بـە پێـی چەسـپاندنی ئـەحکام و یاسـا ئـەو وولاتـە دەبێتـە دارالاسـلام یـان دارالکوفر..

ئیبنوتەیمییـە دەفـەرموێ ئـەحکامی ئیسـلام لـەو ناوچەیـەدا نەدەچەسـپێنرا کـەچی بـە شـێخ سـولەیمان بـە پێچەوانەیـەوە بـاس دەکات! دەفەرموێ:

ولم تجر للكفار أحكام دينهم على أهلها لكن بها الكفر قد حصل
وماكان فيها الجانبان على السوى فقال تقي الدين في ذلك المحل
يُعامل فيها المسلمون بحقهم وذا الكفر ما قد يستحق من العمل
فلا تُعط حكم الكفر من كل جانبٍ ولا الحكم بالإسلام في قول من عَدَل[1]

---

[1] . ئەگەر ئەحکامی دینی کافران بەسەر دانیشتوانی ناوچەیەکدا نەچەسپا بەڵام کوفری تێدا بوو

ئەگەر هەردوولا ( ئیسلام و کوفر ) وەکو یەك لەو شوێنەدا هەبوون ، ئەوە تەقییوددین دەربارەی ئەو شوێنە فەرموویەتی :

موسوڵمانانی بەوە رەفتاریان لەگەڵ دەکرێت کە شایانین و هەروەها ئەوی کافرە بەوە رەفتاری لەگەڵ دەکرێت کە شایانێتی .

ئەم دێڕە شیعرانەی شێخ سولەیمانم لە کتێبەکەی مەحماس جەلعوودەوە وەرگرتووە[١]

ئـەوەی لێـرەدا جـەختی لەسـەر دەکەینـەوە ئەوەیـە کـە بـزانین کـە وولاتـان دوانـن و سـێیەمیان نیـە، ئـەو وولاتـەی بـە وولاتـی ئاوێتـە پێناسـە کـرا دەشـێت بوترێـت ئـەوە وەسـفی خەڵکەکەیـەتی نـەک حـوکمی خۆیـان و وولاتەکـەیان، رەفتـار کـردن لەگـەڵ دانیشـتوانی ئـەو شـوێنە بـەوەی کـە شـایانین کـۆڕای لەسـەرەو کـەس تێیـدا راجـوێ نیـە، وەکـو پێشـتر لـە باسـی موسـوڵماندا روونمـان کـردەوە کـە کـەس بـۆی نیـە تـەماعی لـە خـوێن و سـەروەت و سـامانی موسـوڵماندا هـەبێت بـەڵام ئـەم رەفتـار کردنـە وولاتـان ناکات بە بەشێکی دیکەی سەربەخۆ.

ئیبنـو تەیمییـە هـەر خـۆی لـە باسـی میسـردا کـە کـەوتبووە ژێـر دەسـەڵاتی عوبەیدییەکانـەوە (کـە بـە فـاتیمی بـەناوبانگ بـوون) دەفـەرموێ میسـر دارالکـوفر بـوو، چونکـە عوبەیدیـەکانی پـێ زەنـدیق و مورتـەدد بـوون[٢] ئەمـە لـە کاتێکـدا بـوو کـە لـە میسـری ئـەو زەمانـەدا هـەر ئـەحکامی شـەرع پیـادە دەکـرا..! حـوکمی عوبەیدییـەکان لـە میسـردا وەکـو ئیبنـو کەثیـر دەفـەرموێ دووسـەدو هەشـتاو قسـوور سـاڵ دەوامـی کـرد..!![٣] ئاشـکرایە کـە زۆرینـەی خـەڵکی میسـر هـەر موسـوڵمان بـوون..! بـەڵام وولاتەکـە بـوو بـە دارالـردە چونکـە عوبەیدییـەکان دەسـەڵاتی تـەواویان بەسـەردا

---

دەی سا بە رای راستان لە هیچ لایەکەوە نە حوکمی کوفر ، نە حوکمی ئیسلامەتی مەدە بەسەریدا

[١] . (الموالاة والمعاداة ٢/ ٥٢٢).

[٢] . (مجموع الفتاوى ١٣/١٧٨)

[٣] . (البداية والنهاية، ١٢/ ٢٦٧)..

گرتبـوو، ئـەوەش کـە ڕێیـان بـە شـەریعەتی ئیسـلام کردبـوو داوەری خـەڵکی ببرێتـە لا کاریگـەریی لەسـەر ئـەوە نـەبوو کـە میسـر بـووە بـە دارالـرددە..! ئیبنـو تەیمییـە رحمەاللـە دەفـەرموێ: چەنـد جـار ئـەوە دووبـارە بـۆوە کـە سـەربازی موسـوڵمانان دەچوونـە نـاو میسـرەوە، وەکـو کـە لەگـەڵ سـەلاحەددیندا چـوون کـە دیسـان فـەتحی میسـری کـردەوەو تـەخت و تـاراجی عوبەیدییـەکان و قەرامیتـەی پێچایـەوەو یاسـاو ڕێسـای ئـەوانی لاداو شـەریعەتی ئیسـلامی هێنایـەوە پـێش، ئیتـر لـەو کاتـەوە ئـەوەتا موسـوڵمانان تێیـدا نیشـتەجێن و دینـی ئیسـلامی تێـدا پیـادە دەکـەن، دوای ئـەوەی کـە بـۆ مـاوەی دووسـەد سـاڵ کـوفرو زەندەقـە حـوکمی کـردو نـووری ئیسـلام و بـاوەڕی وا تێـدا کوژابـۆوە کـە هەنـدێک لـە زانایـان دەیانفـەرموو میسـر بۆتـە دار الـرددەو دووڕوویـی و لـە وڵاتـی موسـەیلەمەی کـەززاب خراپتـری لێ بەسەر هاتووە[١]

شێخولئیســلام محمــدی کــوڕی عبــدالوەهاب دەفــەرموێ: ئەگــەر ئەوانــە بژمێــرین کــە زانایــان تــەکفیریان کــردوون و بــە مورتــەددیان دانــاون لەگــەڵ ئەوەشــدا کــە لاف و گــەزافی ئیســلامەتی و دینــدارییان لــێ دەدا، بۆمــان هــەژمارد نــاکرێن، بــەڵام بڕوانــە حــوکمی بــەنی عوبێــدی پاشــاکانی میســر، خۆیــان و مەزهــەب و تائیفەکــەیان کــە لاف و گــەزافی ئــەوەیان لــێ دەدا گوایــە لــە ئالوبــەیتی پێغەمبــەرن صــلی اللــە علیــە وســلم، نــوێژی جومعــەیان دەکــرد، نــوێژی جەماعــەتیان لــە مزگــەوت دەکــرد، مــوفتی و قــازی شــەرعیان تــەعین دەکــرد، کــەچی لەگــەڵ ئەوەشــدا زانایــان رایــان لەســەر کــۆ بــوو کــە کــافرو مورتــەددن، وڵاتەکەشیان - بـا خـەڵکی

---

[١] . (مجموع الفتاوى٣٥/ ١٣٨ ـ١٣٩)

میسـریش بوغزاندبێتیشـیانن ـ بـەڵام بـە رای زانایـان هـەر دارالکـوفر بـووەو فەرموویانـە کـە دەبـێ شۆڕشـیان دژ بـەرپا کـەن![1] یـەعنی ئەگـەرچی خـەڵکی میسـر دەشـیانبوغزاندن بـەڵام ئـەوە مـەنعی ئەوەی نەکردووە کە وڵاتەکەیان بووبووە دارالحەرب..

جـا ئـەوە میسـرەو لـە زەمـانی عوبەیدییەکانـدا بۆتـە دار الحـەرب کـە قازیشـیان تـەعین دەکـرد تـا بـە پێـی شـەریعەتی ئیسـلام داوەری نێـوان خەڵکەکـە بکـات..! خـۆ ئاشـکرایە کـە ناوچـەی مـاردین ئـاواش نـەبووە، داوەری نەبراوەتـەوە لای شـەرع..! حەتمـەن زۆر خراپتـر بـووە لـە میسـری ژێـر دەسـتی عوبەیدییـەکان، ئیـدی چـۆن نابێتـە دارالحـەرب و دەشـێت پێناسـەیەکی دیکـەی بـۆ داتاشـرێت..؟! بۆیـە وڵاتـی ئاوێتـە (دارمرکبـة) تـەنها دەشـێت بـۆ وەسـفی خەڵکەکـە بـەکار بێـت نـەک بـۆ حوکمـدان لەسـەر وڵاتەکـە، چونکـە وەکـو هـەموو زانایـان روونیـان کردۆتـەوە وڵاتـان دوو جـۆرن و بـەس: یـان دارالاسـلامن یـان دارالکـوفرن.. هـەر وەکـو کـە زانایـانی نەجـد لـە ئیبنـو موفلیحـەوە کـە قوتـابی ئیبنـو تەیمییەیـە نەقڵیان کردووە.. والله اعلم..

ئەمـە باسـێک بـوو دەربـارەی سـیفەتی وڵاتـان و کاریگـەریی داگیرکردنـی وڵاتـی موسـوڵمانان کـە دارالاسـلامە لـە لایـەن کافرانەوە.. خوا سەرکەوتوومان بکات..

[1] . (مؤلفات شیخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب. بەشی پێنجەم. الرسائل الشخصیه) ل ٢٢٠، چاپی جامعة الإمام محمد بن سعود)

## باسی پێنجەم

### ئەو ئەحکامەی شەرعییانەی لەسەر جیاوزایی وولاتانن

ئـەو ئەحکامـە شـەرعیانەی لەسـەر جیـاوازی وولاتـان هـەن بەرهـەمی کۆتـایی توێژینـەوەی ئـەم باسـەی دارالاسـلام و دارالکـوفرن، شـەوکانی رەحمـەتی خـوای لـێ بێـت دەفـەرموێ: ئـەوە بزانـە کـە باسـی دارالاسـلام و دارالکـوفر لەبـەر ئـەو هۆیانـەی پێشـتر باسمان کـرد سـودێکی زۆری نیـە، بـەڵام دەبـێ ئـەوە بزانرێـت کـە لـە هـەموو حاڵەتێکـدا خـوێن و سـامانی کـافری جـەنگاوەر (موحاریـب) حەڵاڵـە، جگـە لـەو کاتـەی کـە ئـەمانی لـە موسـوڵمانان وەرگرتبێـت، خـوێن و سـامانی موسـوڵمانیش بـە هـۆی ئیسـلامەتیەکەیەوە حەرامـە جا لـە دارالحـەرب بێـت یـان لـە وولاتـی دیکـە..[١] ئەگـەرچی شـەوکانی وا دەفـەرموێ، بـەڵام کۆمـەڵێک ئـەحکامی شـەرعی هـەن کـە پەیوەسـتن بـە حوکمـدان بەسـەر وولاتێکـدا کـە ئایـا دارالکـوفرە یـان دارالاسـلامە..؟! گرنگترینیـان ئـەحکامی هیجـرەت و جیهـادە.. لـەو ئەحکامەنە:

١ـــ **هیجــرەت** لـە دارالکـوفرەوە بـۆ دارالأمانێـک (کـە هـەر دارالکـوفرەو دژایـەتی موسـوڵمانی کـەمتر لـێ دەکرێـت) ئەگـەر دارالاسـلام لـە دنیـادا نـەمابوو، لەسـەر ئـەو کەسـانەی توانایـان هەیـە هیجـرەت کـەن، فـەرز دەبێـت، هـەر وەکـو وولاتـی حەبەشـە لـە سـەردەمی سـەرەتای ئیسـلامەتیدا، یـان وەکـو ئێسـتای وولاتـانی موسـوڵمانان، پێشـتریش هەنـدێک دەقمـان هێنایـەوە کـە بەڵگـەن لەسـەر فـەرزبوونی هیجـرەت، دەکرێـت بـۆ باقیەکـەی دیکـەی

[١] . (السیل الجرار ٤/٥٧٦).

خوێنـەر بگەڕێنـەوە سـەر کتێبـی[1] چەنـد لقـە ئـەحکامێکی دیکـەش لـە حوکمی فەرزبوونی هیجرەت جوێ دەبێتەوە: لەوانە:

ا ـ ئـەو فـەرزە لەسـەر ئـافرەتی موسـوڵمان نامێنێـت کـە هـەر دەبێـت کەسـێکی مـەحرەمی خـۆی لـە هیجـرەت کردنیـدا لەگەڵیـدا بێـت، جـا کـافر بووبێـت و موسـوڵمان بووبێـت، یـان دیلێکـی موسـوڵمانەو قوتـار کـراوە، ئەگـەر مـەحرەمی دەسـتەکەوت بـۆی هەیـە سـەفەر بکـات بـە بـێ مـەحرەم، چونکـە لـەو حاڵەتەیـدا بـۆ ڕێگرتنـی لـە خراپەیـەکی گـەورە ئـەو خراپـەیان هەڵـدەبژێرێت کـە کەمترین زیانی تێدا بێت..[2]

ب ـ عیـددەی ئـافرەتی موهـاجیرە ئەگـەر کـافر بووبێـت و موسـوڵمان بووبێـت و مێردەکـەی هـەر کـافر مابێـت و لـە دارالکـوفردا بێـت، دەبێتـە یـەک پـاک بوونـەوە لـە سـووڕی مانگانـە (حـەیز).. دوای یەکـەمین حـەیزو پـاک بوونـەوەی دەتوانێـت شـوو ئەگـەر وویسـتی بـە موسـوڵمانێک بکاتـەوە، بەڵگـەی ئەمـەش فەرموودەکـەی ئیبنوعەبباسـە کـە دەفـەرموێ: (ئەگـەر ئـافرەتێکی ئـەهلی حـەرب هیجرەتـی بکردایـە، کـەس مـارەی نـەدەکرد تـا جارێـک دەکەوتـە حـەیزەوەو پـاک دەبـۆوەو دەیتـوانی شـوو بـە موسـوڵمانێک بکاتـەوە، ئەگـەر لـەو ماوەیـەدا مێـردە کافرەکـەی بهاتایـە، ئـەوە ئافرەتەکـەی دەدرایـەوە بـەو).[3] ئەمەشـە تەفسـیری ئـەو ئایەتـەی کـە خـوای گـەورە تێیـدا دەفـەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا

---

[1] . (المغنى مع الشرح الكبير/ ابن قدامة المقدسى ٥١٣/١٠ . ٥١٥ و نيل الاوطار / الشوكانى ١٧٦/٨ . ١٧٩)..

[2] . (المغنى مع الشرح الكبير ١٩٢/٣ و ٥٢٧/١٠) و (فتح البارى ٥٦٨/٢ و ٧٦/٤).

[3] . (بوخارى ٥٢٨٦)..

إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَآتُوهُم مَّا أَنفَقُوا وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ) الممتحنه:١٠ واته:ئەی ئەو كەسانەی باوەاتان هێناوە، ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانەكان كۆچیان كردو هاتنە لاتان تاقیان بكەنەوە. خوای گەورە خۆی بوون یا نەبوون ورادەی باوەایان دەزانێت. جا ئەگەر زانیتان ئیماندارن، مەیان گێانەوە بۆ ناو كافرەكان چونكە نە ئەمان بەوان دەشێن و نە ئەوانیش بەمان دەشێن. هەرچیشیان مەسروفاث خەرج كرد بوو، بیاندەنەوە. ئەگەر مافی مارەیی خۆیان بدەنێ ؛ خراپ نییە مارەشیان بكەنەوە. هەروەها بڕوانه[١]

ج ـ ئەگەر كۆیلەی كافران لە دارالحەرب موسوڵمان بوون و هیجرەتیان بۆ دارالاسلام كرد، ئەوە كۆیلە نامێنن و ئازاد دەبن، هەر سەروەث و سامانێكی كافرانیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابێت دەبێتە هی خۆیان..! بەڵگەی ئەمەش هەر لەو فەرموودەی پێشتری ئیبنوعەبباسدایه كە تێیدا هاتووە: ئەگەر كۆیلە (عبد) یێكی كافر یان كەنیزەكێك (أَمَه) ی كافران هیجرەتیان بۆ لای موسوڵمانان كرد ئەوە ئازاد دەبن و ئەو مافانەیان پێ دەدرێت كە بە موهاجیران دراوە..) ئەمەش وەكو هەڵاتنی سەحابی ئەبوبەكرە نەفیعی كوڕی الحارس كە لە قەڵای تائیفەوە هەڵاث، كە چیرۆكەكە هەر بە ناوی چیرۆكی بەكرەوە بەناوبانگ بوو، وەكو لە بوخاریدا لە باسی تائیفدا هەیە، باسەكە لە (نیل الاوطار ١٥٧/٨ و السیر الكبیر / محمد بن الحسن ٢٢٨٦/٥) یشدا هەیە..

---

[١] . (أحكام أهل الذمة / ابن القيم ٣٣٩/١ و٣٦٥)..

د ـ موسوڵمان بۆی جائیز نابێت سەفەر بۆ دارالحەرب بکات، یان نیشتەجێی ئەوێ ببێت مەگەر لەبەر پێوویستی، چونکە هیجرەت لەسەر نەوموسوڵمانەکانیشی فەرز دەبێت کە تازە موسوڵمان دەبن، چ جای موسوڵمانە کۆنەکانی، کەوابوو هەر لەسەرەتاوە موسوڵمان دەبێت ئەوە بزانێت کە بۆی نیە سەفەر بکات بۆ دارالحەرب مەگەر بۆ چارەسەری نەخۆشی یان بازرگانی و شتی وا، خوای گەورە دەرهەق ئەو کەسانەی لە مەککە بە موستەزعەفی مانەوەو هیجرەتیان بۆ مەدینەی پێغەمبەری نازدار یلی الله علیه وسلم نەکرد پێی فەرموون: (أَلَمۡ تَكُنۡ أَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٗ فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا) النساء:٩٧ واتە: چما ئەو سەر زەویەی خوای گەورە هێندە بەرفراوان نەبوو جێی ئێوەی لێ ببێتەوە تا کۆچ بکەن..؟! دەی سا سزای ئەوانە داڵدەدانی دۆزەخ و خراپترین چارەنووسە..!!

گومانی تێدا نیە کە مانەوە لە ناو کافران و نیشتەجێ بوون لە دارالحەربدا گەورەترین هۆی دین کزیی و لێچوونەوەو سستی و پاشگەزبوونەوەیە، بۆیە دەبینیت یەکێکی وەکو ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە کتێبی (اقتضاء الصراط المستيقيم) بە تەفسیل باسی دژواریی و کاریگەریی سلبی تێکەڵاوی کافرانی کردووە، کە چۆن سەرەنجام لە مەزهەرو جەوهەردا رەفتارو رەوشتی کابرای موسوڵمان وەکو رەفتارو رەوشتی کافرانی لێ دێت، بۆیە فەتوای هەندێک لە زانایان ئەوەندە توند بووە کە حوکمی کافربوونی بەسەر ئەو کەسەدا داوە کە بە رەزامەندی خۆی لە وڵاتی کافراندا نیشتەجێ دەبێت و یاساو رێسایان قبووڵ دەکات، چونکە ئەمە بە سەربەستی خۆی پەنای بردۆتە بەر یاساو رێسایان و

وەری گرتـووە.. لەبـەر ئەمەشـە دەوترێـت: ئـەوی ناچـار بـوو بچێتـە وولاتـی کـافران دەبێـت وویسـتی ئـەوەی نـەبێت لـەوێ بمێنێتـەوە، دەبێـت هەمیشـە نیـەتی ئـەوەی هـەبێت کـە هـەر کاتێـک بـۆی لـوا لـــەوێ دەردەچێـــت.. لـــەم ســـەردەمەی ئێســـتادا خـــەڵکانێکی زۆر تێـــوەگلاون و بـــەردەوام لەبـــەر خـــاتری وەدەســـت هێنـــانی مـــاڵ و سـامانی دنیـا سـەفەر بـۆ وولاتـی کـافرانی ئەسـڵی ئـەوروپاو ئـەمریکا دەکـەن.. نیشـتەجێ بـوون لـە وولاتـی موسـوڵمانان کـە بوونەتـە وولاتـــی ریـــددە وەکـــو وولاتـــە عەرەبیـــەکان و ئەوانـــەی پێیـــان دەوترێـــت وولاتـــە ئیســـلامیەکان باشـــترە لـــە وولاتـــانی کـــافرە ئەسـڵیەکان، ئەگـەرچی هـەمووی هـەر دارالکـوفرن، بـەڵام هەنـدێک کـوفر لـە هەنـدێکی تـر سـووکترە، یـەکێک لـە گـەورەترین هۆکـاری مانـــەوەو بـــەردەوامبوونی بەرنامـــەی عەلەمانیـــەت لـــە وولاتـــی موسـوڵماناندا ئـەوەی کـە ئـەو کەسـانەی لـە رۆژئـاوادا فێرکـراون هاتوونەتـــەوەو لـــە وولاتـــی موســـوڵماناندا بوونەتـــە کاربەدەســـتی سیاسـی و ئـابوری و فێرخـوازیی و راگەیانـدن و هـەموو شـوێنێکیان بە سروشت و رواڵەتی خۆیان گۆڕیووە..

موسـوڵمانێک دەربـارەی وەرگرتنـی جنسـیەی وولاتـی کـافرانی ئەسـڵی لێـی پرسـیم، کـە گوایـە ئـەو موسـوڵمانەی نیشـتەجێی وولاتـی کافرانـە ئەگـەر مەرجـەکانی تێـدا هاتـە دی مـافی ئـەوەی هەیـە ئەگـەر خـۆی داوای کـرد، جنسـیەی ئـەو وولاتـە وەرگرێـت، بـەڵام نایـدرێتێ هـەتا سـوێندی ئـەوە نـەخوات کـە وەلائـی بـۆ دەوڵـەت دەبێـت و بـە یاسـاکانیەوە پابەنـد دەبێـت، و پـەیمان دەدات کـە زیانیـان پـێ نەگـەیێنێت و بەرگریشـیان لـێ دەکـات.. وە هـەروەهـا.. وەڵامـم دایـەوە کـە ئـەو سـوێندە خـۆی کـوفرێکی ئاشـکرایە، هـەر کەسـێک بـێ ئـەوەی ناچـار کرابێـت بیخـوات پێـی کـافر دەبێـت،

چونکـه بـێ ناچـار کـردن بڕیـاری ئـەوەی داوە کـە داوەری دەباتـە لای تـاغووت، کـە لێـرەدا مەبەسـت لەوەیـە کـە بـە یاسـایانەوە پابەنـد دەبێـت، ئەگـەر پێـوەی پابەنـد بێـت کـافر دەبێـت ئەمـە پێچەوانـەی حـــوکمی ئـــەو یاســـایانەیە کـــە بـــە زۆر بەســـەر دراوە بەســـەر دارالریـددەدا، هـەروەها دوای وەرگرتنـی جنسـیەکەی پابەنـد دەبێـت ــ هـەروەها منداڵەکانیشـی ـ بـەوەی کـە دەبێـت بچێتـە سـەربازیی ئـەو وولاتـەو لەگـەڵ لەشـکریاندا بچێتـە جـەنگ، ئەمـەش کـافر بوونـە چونکـە شـەڕە لـە پێنـاوی تاغووتـدا، خـوای گـەورە دەفـەرموێ: (وَالَّذِيـنَ كَفَـرُواْ يُقَـاتِلُونَ فِي سَـبِيلِ الطَّـاغُوتِ) النسـاء:٧٦ واتـە: ئـەو کەسـانەی کـافرن لـە پێنـاوی تاغووتـدا کوشـتار دەکـەن.. تەفسـیلاتی ئـەم باسـەی وەلاو لـە رەخنـە لـە کتێبـی (الرسـالة الليمانيـة فـی الموالاة) دا دێت ان شاء الله..

خـاوەن پرسـیارەکە لێـی پرسـیمەوە: وا دانـێ کابرایـەک ئـەم حوکمـەی دەزانـی و بـۆ مـاوەی ئـەو پێـنج دەقیقـەی سـوێند خواردنەکـە کـافر بـوو، پاشـان تۆبـەی کـرد، حـوکمی ئـەو چیـە..؟! وەڵامـم دایـەوە کـە ئەگـەر کـابرا ووتـی: لـە مـاوەی سـوێندخواردنەکەمدا کـافر دەبـم، پێـی کـافر دەبێـت ئەگـەرچی سـوێندەکەش نـەخوات، چونکـە زانایـان لەسـەر ئـەوە رێکـن کـە هـەر کەسـێک نیـەتی ئـەوەی هـەبوو دوایـی کـافر ببێـت دەسـبەجێ کـافر دەبێـت. ئـەم باسـەم لـە رێسـای بەکافردانانـدا روون کردۆتـەوە، لەوێـدا لـە خـاوەنی کتێبـی (کفایـة الاخیـار ٢/١٢٣)ە وە نـەقلم کـردووە کـە دەفـەرموێ: (ئەگـەر کەسـێک بڵـێ کوڕەکـەم بمرێـت دەبمـە دیـان یـان جـوو، دەسـبەجێ بـەو قسـەیە کـافر دەبێـت) ئـەو چوزانێـت دواتـر تـا کـاتی تۆبـە کـردن دەژی..؟! کـێ دەڵـێ ئـەو تـا ئـەو

ساتەوەختە دەژی..؟! لەوانەیە بمرێت، یان شێت ببێت و بواری تۆبەی نامێنێت..! خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ) ال عمران: ٥٤ واتە: ئەوان پیلانیان دادەناو ئێمەش پوچەڵمان دەكردەوە، خوای گەورە باشترینی ئەوانەیە كە هەڵوەشێنەرەوەی پلان و پیلانن.. هەروەها: (أَفَأَمِنَ الَّذِينَ مَكَرُواْ السَّيِّئَاتِ أَن يَخْسِفَ اللَّهُ بِهِمُ الأَرْضَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَشْعُرُونَ) النحل: ٤٥ واتە: چما ئەوانەی فاكوفیكی خراپەكارییان دارشتووە ئەوەندەیان ئەمان دەسكەوتووە كە لەوە بێ خەم بن خوای گەورە بە ناخی زەویاندا رۆ نەبات..؟! یان بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت یان پێبزانن سزایەكی سەختیان بهێنێتە سەر..؟!

بە هەر حاڵ وەرگرتنی جنسیەیەك كە پەیوەست بێت بەم سوێندەوە جائیز نیە، شێخ حەمەد بن عەتیق النەجدی لە كتێبەكەیدا (بیان النجاة والفكاك من موالاة المرتدین واهل الإشراك) لە ریزی (مجموعة التوحید) چاپی دار الفكر، ل ٤١٨) دەفەرموێ: ئەگەر كابرای موسوڵمان هەر لەبەر ئەوەی تەماعێكی لە پلەوپایەی كافراندایە یان لە سامان و ماڵیانیدا هەیە یان لەبەر ئەوەی شوێنێك نیە لێی نیشتەجێ بێت، یان كەسوكاری نیە، یان دەترسێت دواتر زیانێكی پێ بگەیێنن، بە رواڵەت رەزامەندی بۆ كافران دەربڕی كە لەبەر دەستیشیاندا نیە، با لە ناخی خۆشیدا پێچەوانەیان بێت، بە مورتەدد دەژمێررێت، ئەوە دەچێتە ریزی ئەو كەسانەوە كە خوای گەورە دەرهەقیان فەرموویەتی: (ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّواْ الْحَيَاةَ الْدُّنْيَا عَلَى الآخِرَةِ وَأَنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ) النحل:١٠٧ واتە: ئەوە لەبەر ئەوەیە كە ژیانی

دنیایـان پـێ چـاكتربوو لـه رۆژی دوایـی، خـوای گـەورەش رێنمـایی كافران ناكات..

شێخولئیسـلام محمـد كـوری عبـدالوەهاب رحمەاللـه دەفـەرموێ: ئەگـەر دۆسـتایەتی كردنـی كـافرانی كـردو لەگەڵیانـدا لـه وولاتیانـدا نیشـتەجێ بـوو، وه لەگەڵیانـدا بـۆ جـەنگ و شـتی وا چـوو ئـەوه حـوكمی كـافربوونی بەسـەردا دەدرێـت، وەكـو كـه خـوای گـەوره دەفـەرموێ: (وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ) المائـدە:٥١ واتـه: هـەر كـەس له ئێوه دۆستایەتیان بكات ئەوه لەوانه.. [١] والله اعلم..

هــ ـ ئـەو كەسـەی لەبـەر هۆیـەكی مۆڵەتـدراو دەچێتـه وولاتـی كـافران زۆرینـەی زانایـان وای بـەباش دەزانـن كـه لـەوێ ئـافرەت نـەهێنێت، بـەڵام ئەگـەر تـەوژمی جـنس ئینـی بـۆ هێنـا، بـۆ ئـەوەی نەكەوێتـه زینـاوه ئـافرەتێكی موسـوڵمان دەدۆزێتـەوەو دەیخوازێـت، ئەگـەر دەسـتی نەكـەوت ئـافرەتێكی ئـەهلی كیتـاب بهێنێـت، لـه هـەموو حاڵەتێكیشـیدا هـەر دەبێـت مـەنع بكـات بـۆ ئـەوەی منـداڵیان لـه دارالكـوفردا نـەبێت نـەبادا بكەوێتـه دەسـتی كـافران و لەسـەر رەفتـارو رەوشـتی ئـەوان پـەروەردە بێـت، بڕوانـه[٢] واقیعەكـەش ئـەوه دەسـەلمێنێت كـه زانایـان و شەرعناسـان هۆشـدارییان دەدایـه خـەڵكی كـه نەكـەن..!! چونكـه یاسـای كـافران سەربەسـتیەكی وا دەداتـه ئـافرەت و زارۆک كـه زەحمەتـه لـەژێر ئـین و تـەوژمـی یاسـای ئەوانـدا منـداڵ ئیسـلامیانه گـۆش كرێـت، لـه وولاتـی ئەوانـدا ئەگـەر پیاوەكـه وویسـتی وولاتەكـەیان جـێ بهێڵێـت و ئافرەتـه لەگەڵیـدا

[١] . بڕوانه نامیلكەی (أوثق عری الإیمان) له ریزی (مجموعه التوحید) ل ١٧٥)

[٢] . (المغنی مع الشرح الكبیر ١٠/ ٥١٢، والسیر الكبیر/ محمد بن الحسن ٥/ ١٨٣٨، وأحكام أهل الذمة/ ابن القیم ٢/ ٤٣١)

نـەچوو یاسـا منداڵـەکان لەگـەڵ ئافرەتەکـە لـە وولاتـە کافرەکـەدا دەهێڵێتـەوە.. مـن خـۆم حاڵـەتێکی وا دەزانـم کـە کابرایـەکی موسـوڵمان لـە ئـەمریکا ئـافرەتێکی مەسـیحی هێنـابوو، کـابرا مـردو ئافرەتـە هـەر سێ منداڵەکـەی کـردن بـە دیـان.! کەسوکاری کـابرا کـە لـە دەرەوەی ئـەمریکا بـوون هەرچەنـدی هەوڵیانـدا نـەیانتوانی منداڵەکان قوتار کەن..!

و ـ هـەر کەسێک بـە ئـەمانێک چـووە وولاتـی کافرانـەوە بـە هـیچ شـێوەیەک بـۆی نیـە خیانـەتیان لـە خـوێن و سـامانیاندا لـێ بکـات، لەبـەر ئـەوەی خـوای گـەورە دەفـەرموێ: (وَأَوْفُـواْ بِالْعَهْـدِ إِنَّ الْعَهْـدَ كَانَ مَسْـؤُولاً) الاسـراء:٣٤ واتـە: بەرامبـەر پـەیمان و بـەڵێن بـەوەفا بـن، چونکە پەیماندان بەرپرسێتی لای خوای لەسەرە..

ئەبوالقاسـمی خیرەقـی لـە موختەسـەرەکەیدا دەفـەرموێ: هـەر کەسێک بـە ئـەمانێک چـووە خـاکی دوژمنـەوە بـۆی نیـە خیانـەت لـە سـەروەت و سـامانیان بکـات و بۆشـی نیـە مامەڵـەی سـووداریيان لەگەڵدا بکات..

ئیبنوقودامـە لـە شـەرحی ئـەوەدا دەفـەرموێ: ئـەمما بەحەرامـدانانی سـوو لـە دارالحەربـدا، ئـەوە لـە باسـی ربـادا باسـمان کـردو ووتمـان کـە فەرمایشـتی خـوای گـەورە کـە دەفـەرموێ: (وَحَـرَّمَ الـرِّبَا) واتـە: خـوای گـەورە سووشـی حـەرام کـردووە. هـەموو ئایـەت و فـەرموودەکـان بەڵگـەی ئـەوەن کـە سـوو لـە هـەموو کـات و شـوێنێکدا هـەر حەرامـە، ئـەمما خیانـەت لێکردنیـان، ئـەوە بـە تەئکیـد حەرامـە، چونکـە ئـەوان ئـەمانیان بـەو مەرجـە داوەتـێ کـە خیانـەتیان لـێ نـەکات و لـە خۆیيـان ئـەمین کاتـەوە، ئەمـە کـە لـە لـە فزەکـەدا نەنوسـراوە بـەڵام دیـارە کـە لـە مانـای ئایەتەکـە دەفامرێتـەوە، هـەر کـەس لـە کـافران هاتـە ناومانـەوەو ئـەمانی

ئێمـەی وەرگـرت پاشـان خیانـەتی لـێ کـردین، ئـەوە بەڵێنەکـەی خـۆی هەڵوەشـاندۆتەوە، ئەگــەر ئێمــە ئەمــەمان بــۆ ســەلمێنرا مــافی ئــەوەمان نابێــت ئێمــەش خیانــەتیان لــێ بکــەین، چونکــە ئــەوە غـەدرەو دینـی ئێمـەش غـەدری پـێ قبـووڵ نیـە، پێغەمبـەریش صـلی اللــه علیــه وســلم دەفــەرموێ: (المُسْـلِمُونَ عِنْـدَ شُرُوطِهِـم) واتــە موسوڵمانان پابەندن بە مەرجەکانیانەوە..

هــەر موســوڵمانێک لــە دارالکــوفر ئــەمانی وەرگرتبــوو، پاشــان خیانـەتی لـێ کـردن، یـان سـامانی لـێ دزیـن، یـان قـەرزی لـێ کـردن دەبێــت بیانداتــەوە، دەبێــت ســامانە دزراوەکــەش بگێڕێتــەوە بــۆ خاوەنەکـەی، ئەگـەر کـافرە خـاوەن سـامانەکە بـە ئـەمان یـان بـە موسـوڵمانێتی بـە دوای کـابرای موسـوڵمانی خائینـدا هاتنـە دارالاسـلام دەبێــت ســامانەکەی بــۆ وەرگیرێتــەوە، ئەگــەر نــەهاتن دەبــێ بەرپرسـانی دارالاسـلام سـامانەکە بگەڕێننـەوە بـۆ دارالکـوفر بـۆ کـابراو وەرەسـەی، چونکـە موسـوڵمانەکە بـە شـێوەیەک ئـەو سـامانەی لـێ وەرگرتـوون کـە حـەق نیـە، بۆیـە دەبێـت وەکـو سـامانی کابرایـەکی موسوڵمان بۆ خاوەنەکەی رەت کاتەوە..[1]

ئیزافــە لەســەر ئــەوە منــیش دەڵــێم: ئایــا ئــەو ڤیزەیــەی موســوڵمان دەســتی دەکــەوێت بــۆ ئــەوەی بچێتــە وولاتــی کــافرانی ئەسڵیەوە بە گرێبەستی ئەمان دادەنرێت؟!

ــ وەڵام: بــە پێــی ئــەوەی بــۆم روون بۆتــەوە، بــەڵێ بــە گرێبەسـتی ئـەمان دادەنرێـت.. چونکـە هـەر موسـوڵمانێک بچێتـە وولاتەکەیانــەوە ئــەمانی لەســەر نــەفس و مــاڵی خــۆی دەدەنــێ، ئەگـەر کەسێک دەسـتدرێژی کـردە سـەر گیـان و سـامانی، هـەر وەکـو

---

[1]. (المغنی مع الشرح الکبیر ١٠/ ٥١٥-٥١٦).

کەسێکی کۆمەڵگەی خۆیان زوو بە دەنگیەوە دەچن و بایەخ بە شکاتەکەی دەدەن و ئەگەر شوێنێکی بریندداربووبوو یان سامانی دزرابوو، تەعویزی دەدەنێ و سامانە دزراوەکەی بۆ پەیدا دەکەنەوە یان بۆی قەرەبوو دەکەنەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە وولاتی ئەواندا رێزلە گیان و سامانی موسوڵمان دەگیرێت، ئەمەش کرۆکی گرێبەستی ئەمانە، لەبەر ئەمە موسوڵمان پێویستە رەفتاری بەرامبەریان لەگەڵدا بکاتەوەو لە لایەن خۆیەوە ئەمانیان بداتێ تا لە گیان و سامانی خۆیان لەم ئەمین بن، خوای گەورە دەفەرموێ: (فَمَا اسْتَقَامُواْ لَكُمْ فَاسْتَقِيمُواْ لَهُمْ) التوبە:٧ واتە: ئەوەندەی ئەوان لەبەر ئێوە بە گرێبەستەوە پابەند دەبن ئێوەش ئەوەندە لەبەر ئەوان پێوەی پابەند بن.. تەنانەت ئەگەر موسوڵمانێک بە ڤیزەی تەزویر چووە وولاتەکەیانەوەو وایان زانی راستیە، لەسەری فەرزە ئەو ئەمانەیان بداتێ و بەو شێوە ئەمینە رەفتاریان لەگەڵدا بکات، محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانی رحمەاللە نموونەی زۆری لەو شێوەیە هێناوەتەوە، دەتوانیت لە (السیر الکبیر ٢/ ٥٠٧ ـ ٥٠٨) دا سەیری بکەیتەوە.. پاشان دەفەرموێ: ئەم حوکمەش تایبەتە بەو موسوڵمانەی دەچێتە وولاتی کافرانی ئەسڵییەوە..

ئەمما ئەگەر کافرێک هاتە وولاتی موسوڵمانانەوە کە ئەمڕۆ دار الکوفرو ریددەن، حەتمەن بە ڤیزە دێتە ناوەوە، ئەو ڤیزەیەیشی لە حکومەت دەسەڵاتداری ئەم وولاتانەوە وەرگرتووە کە مورتەددن، ئەم ڤیزەیە ئەمانی ناداتێ، کە گیان و سامانی حەرام بێت لە وولاتی موسوڵماناندا، چونکە گرێبەستی ئەمانەکە کە ڤیزەکەیە لە دەسەڵاتداری کافرەوە دەرچووە کە دەسەڵاتی شەرعی لەسەر موسوڵمانان نیە، ئەمەش یەعنی ئەمانێک کە ئەو

کـافره دەسـتی کـەوتووە هـەر لـە کـافرێکی دیکـەوە وەریگرتـووە، ئەمـەش موسـوڵمانان بـەو ئەمانـەوە پابەنـد ناکـات، ئـەمما ئەگـەر کابرای کافر بـە بانگهێشتی موسوڵمانێک ـ با فاسـقیش بێـت ـ هاتـە ووڵاتـی موسـوڵمانانەوە ئـەوە گرێبەسـتی ئەمانـەو شـەرعیەو دەبـێ موسـوڵمانانی دیکـە پێـوەی پابەنـد بـن و ئـەو کـافرە لـە گیـان و سامانی خـۆی لێیـان ئـەمین بێتـەوە، چونکـە پێغەمبـەر صـلی اللـە علیـە وسـلم دەفـەرموێ: (ذِمَّـةُ الْمُسْـلِمِينَ وَاحِـدَةٌ، فَمَـنْ أَخْفَـرَ مُسْـلِمَاً فَعَلَيـهِ لَعْنَـةُ اللهِ والملائِكَـةِ والنَّـاسِ أَجْمَعـِينَ لايُقْبَـلُ مِنْـهُ صَرْفٌ ولا عَـدْلٌ) بوخـاری، واتـە: ئـەمانی موسـوڵمانان هـەمووی یەکـە، هـەر کەسـێک پـەیمانی موسـوڵمانێکی هەڵوەشـاندەوە، لەعنـەتی خـواو فریشـتەو هـەموو خـەڵکی لـێ بێـت، خـوای گـەورە نـەخێری لـێ قبـووڵ دەکـات نەداد.

یـەعنی ئـەمانێک کـە موسـوڵمانێک داوێتـی بـە کەسـێکی دیکـە هـەموو موسـوڵمانان پابەنـد دەکـات پێیـەوە، هـەموو موسـڵمانانی دیکـە دەبـێ ڕێـزی ئـەو ئەمانـەی بگـرن، ئەگـەر موسـوڵمانێک ئـەمانی دا بـە کافرێـک هـەموو کردەوەیـەک ناهـەموار بەرامبـەری لـە هـەموو موسـوڵمانان حـەرام دەبێـت..[1] ئـەوە ئاشـکرایە کـە ئەنانـەت لـەم حاڵەتەشـیدا هـەر بـە بـێ ڤیـزە نایاتـە ووڵاتەکـەوە ڤیزەکـەش هـەر لـە دەسـەڵاتە مورتەددەکـەی ووڵاتـی موسـوڵمانان وەردەگرێـت، بـەڵام ئەمـە کاریگـەریی سـلبی یـان ئیجـابی لـەو ئەمانـەدا نابێـت کـە موسـوڵمانێک داوێتیـە، چونکـە پێغەمبـەر صـلی اللـە علیـە وسـلم دەفـەرموێ: (الإسـلامُ يَعْلُـو ولايُعـلَى) فەرموودەکـە واتـە: ئیسـلام باڵادەستەو هیچی دیکە سەرووی ناکەوێت..والله اعلم..

[1] . بڕوانە (فتح الباری ٤/ ٨٦)

ئەمە هەندێک لەو ئەحکامانەیە کە وەکو لق لە فەرزبوونی هیجرەت و سەفەری موسوڵمانە بۆ وولاتی کافران، جوێ دەبێنەوە..

٢ــ لەو ئەحکامانەی کە جیاوازی وولاتان دەیانگرێتەوە: فەرزبوونی جەنگ و هێرش کردنە سەر کافرانە لە وولاتی خۆیان، کە جیهادی تەڵەبە، خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قَاتِلُواْ الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ) التوبە:١٢٣ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، جەنگ بەرامبەر ئەو کافرانە بەرپا کەن کە لێتانەوە نزیکن.. زانایان دەفەرموون: لانی کەم پێویستە لەسەر خەلیفەی موسوڵمانان ساڵی جارێک هێرشێکیان بکاتە سەر..[1]

ئەم ژمارەشم لەو ئایەتەوە وەرگرتووە کە خوای گەورە دەفەرموێ: (أَوَلاَ يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لاَ يَتُوبُونَ وَلاَ هُمْ يَذَّكَّرُونَ) التوبە:١٢٦ واتە: مەگەر ئەوە نابینن کە ساڵی جارێک یان دووجار تووشی فیتنە (هەوڵدان بۆ پاشگەز کردنەوەی موسوڵمان لە دینەکەی) دەبن کە نە تۆبەی لێ دەکەن و نە دێتەوە یادیان؟! لە کتێبی (العمدە) ەکەی خۆمدا واتاکانی ئەم ئایەتەم باس کردووە..

٣ــ دیسان لەو ئەحکامانەی کە جیاوازی وولاتان دەیانگرێتەوە: حوکمی ئەو کەسەی دوای هەوڵدان نەناسراو حاڵی نەزانرا.. هەر وەکو کە لە باسی حوکمی (مجهول الحال) دا باسم کرد.

٤ــ لەو ئەحکامانەی لە دارالکوفردا دێنە پێش: گەڕان بە دوای گۆشتی حەلاڵدا، هەر وەکو کە لە باسی حوکمی (مجهول الحال)

---

[1] . (المغنی مع الشرح الكبير ١٠/٣٦٧.٣٦٨)

دا باسم کردووه. هەروەها لەو ئەحکامانەی ئەوێ: شیاوێتی کوشتنی مورتەدد کە خۆی داوەتە پاڵ دارالکوفر بێ داوای تۆبە کردن لێی کوشتن و بردنی سامانی جائیزە، وەکو کە لە راقەی رێسای بە کافر دانان (قاعدة التکفیر) دا باسم کردووه.

حەنەفیەکان زۆر ئەحکامی دیکەیان لەسەر مەسەلەی جیاوازی دارالاسلام و دارالکوفر دارِشتووه کە جمهوری شەرعناسان زۆربەی ئەو ئەحکامانەیان پەسەند نەکردووە، لەوانە:

ـ شیاوێتی وەرگرتنی سوو (ریبا) لە خەڵکی دارالحەرب بە رەزامەندی خۆیان[1]، لەمەوە هەندێک کەس لەم سەردەمەدا پارەدانانی بانکیان لەو وولاتانەدا بە حەڵاڵ زانیووە کە سووەکەی وەردەگرن، بەڵام ئەم فەتوایەی حەنەفیەکان نەک هەر پەسەند نیە، بەڵکو باتڵە بڕوانە تەفسیلی فەتوای شەرعناسان[2].[3]

ـ نەمانی سزای حەدد لەسەر ئەو موسوڵمانەی لە دارالحەربدا تاوانی گەورە دەکات کە جمهووری زانایان و شەرعناسان پێچەوانەی ئەو رایەن.[4]

ـ لەو ئەحکامانە ئەوەیە کە دەڵێن: ئەگەر ئافرەتێکی کافر موسوڵمان بوو، دارالحەربی جێ هێشت و هیجرەتی کرد، هەر بە هیجرەتەکەی تەڵاقی مێردەکەی دەکەوێت کە هێشتا لە

---

[1]. بڕوانە (السیر الکبیر ١٤٨٦/٤) و دواتری

[2]. لە (المغنی مع الشرح الکبیر) ١٦٢/٤ ـ ١٦٣، و المجموع / النووی ٩/ ٣٩١ ـ ٣٩٢، و (الأم /الشافعی ٧/ ٣٥٧ ـ ٣٥٨، و (کشاف القناع / البهوتی ٣/ ٢٧١).

[3]. هەر ئەم بەڵگە پووچەڵەیە کە ئیخوانییەکان کردوویانەتە بەڵگەی شەرعی بۆ رەت کردنەوەی ئایەتی قورئان و حەڵاڵکردنی وەرگرتنی پارەی سووداری بانق بۆ کڕینی خانوو بۆ تێدا نیشتەجێ بوونی خۆی و خێزانی ! کە ئاشکرایە بێ بەڵگەیە .. ( و ) .

[4]. بڕوانە: (السیر الکبیر ١٨٥١/٥. و (الام ٧/ ٣٥٦ ـ ٣٥٩).

دارالکــوفره، جمهــووریش فەرموویانــە: حەتمــەن دەبێــت حــەیزێکی بەسـەردا بێـت و پـاک بێتـەوە یـان سـکەکەی دانێـت و پـاک بێتـەوە، ئەو ساتە دەشـێت شـوو بکاتـەوە، جـا تـا ئـەو سـاتە ئـەگـەر مێردەکـەی موسـوڵمان بـوو یـان هـات بـۆ لای بـۆ دارالاسلام، هـەر بـە گرێبەسـتی یەکەمی هاوسەرێتیەکەی ئافرەتەکەی خۆی پێ دەدرێتەوە..![1]

ــ لـەو ئەحکامانـەی جیـاوازی ووڵات بـۆ دارالکـوفرو دارالاسـلام دەیهێنێتـە پـێش: لێکدابڕانی میراتگرییـە، بـۆ نموونـە ئـەگـەر کەسـێکی ئـــەهلی کیتـــاب لـــە دارالاســـلامدا بمرێـــت، میراتەکـــەی نادرێتـــە کەسـوکارە کافرەکـانی کـە لـە دارالکـوفرن، جمهـووری شەرعناسـان دەفەرموون: بەڵێ: دەیدرێتێ..[2]

بــە شـێوەیەکی گشـتی حەنەفیـەکان ئـەحکامێکی زۆریـان لەسـەر جیــاوازی ووڵاتــەکان بــۆ دارالکــوفرو دارالاســلام داڕشــتووە، کــە زۆرینەی دروست نیە.

[1]. بڕوانه: (أحكام أهل الذمة) لابن القيم ١/ ٣٦٣ـ٣٦٤).

[2]. (أحكام أهل الذمة/ ابن القيم ٢/ ٤٤٤).

## کۆتایی

باسەکانی دارالاسلام و دارالکوفر لەم سەردەمەدا شێواندنی زۆری بەسەردا هاتووە، بە تایبەتی لە لایەنی ئەوانەوە کە لاف و گەزافی ئیجتیهاد لێ دەدەن، لەوانەی بە رۆژهەڵاتناسەکان سەرسام بوون و بە دیدی لێڵ و رێچکەی بنبەستی ئەواندا رۆیشتوون، بۆ ئەوەی بە حسابی خۆیان جۆرە پێکەوە سازانێک لە نێوان ئەحکامەکانی ئیسلام و یاساو رێسای کافراندا بکەن، بە تایبەتی لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت یاسای نێودەوڵەتی ونەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی دیکە کە چەواشەکارانە بانگهێشتی پێکەوە ژیان و ئاشتی نێو دەوڵەتی و یاساغ کردنی جەنگی هێرشبردن دەکەن..! کە هەمووی هەر کڵاوسەرنان و فریوودانەو گێلەپیاوان و گەلانی ساویلکەی وەکو گەلانی موسوڵمانانی پێ هەڵدەخەڵەتێنن، تا زلهێزەکان هەر وا بەهێز بمێننەوەو بێ دەسەڵات و لاوازەکانیش هەروا بێ هێز بمێننەوە..! تا ئەگەر موسوڵمانان رۆژێک لە رۆژان هاتنەوە مەیدانی جیهاد خێرا تۆمەتبار بکرێن کە گوایە پەیمانی نێودەوڵەتییان شکاندووەو شایانی سزای نێو دەوڵەتیی بوون..! جا لەو هۆکارانەی کە رۆژئاوا بۆ گومرا کردنی موسوڵمانان و چەواشەکردنیان دەیگرتە بەر ئەحکامەکانی جیهاد بوو، لەبەر ئەوەش کە پەیوەندی نێوان جیهادو حوکمی وولاتان پەیوەندیەکی لازم و مەلزوومە ئەو هەموو ئینحیراف و خواروخێچییەی تێدا کرا.. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَدَّت طَّائِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ وَمَا يُضِلُّونَ إِلاَّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ ال عمران:٦٩ واتە: تاقمێک لە ئەهلی کیتاب دەخوازن ئێوە گومرا بکەن، بەڵام ئەوانە هەر

خۆیـان گـومڕا دەکـەن بـەڵام هەسـت بـە خۆیـان ناکـەن.. لـەو گومڕاییانــەی ڕۆژهەڵاتناســەکان سەرپەرشــتییان دەکــرد ئیجتیهــاد کــردن بــوو، پشــتیوانیان لــەو کەســانە دەکــرد کــە پێخاوســیی و بــێ شــیاوێتی دەیانوویســت بکەونــە ئیجتیهــاد لــە ئەحکامــەکانی جیهــادو دارالاســلام و دارالکــوفردا..! بــۆ نموونــە ئــەوەیان هــان دەدا و بــڵاو دەکـــردەوە کـــە دابەشـــکردنی وولاتـــانی دنیـــا بـــۆ دارالاســـلام و دارالحــەرب ئەســڵ و ئەساســی نیــەو بەڵگــەی شــەرعی لەســەر نیــە، دارالحـەربیش ئەوەیـە کـە بـە واقیعـی و بـە کـردەوە جـەنگ لـە نێـوان ئـەوان و دارالاسـلامدا هـەبێت، ئەگـەر جـەنگ لـە نێوانـدا نـەبوو، یـان پـەیمان و ڕێکـەوتن هـەبوو ئـەوە دارالحـەرب هـەر نامێنێـت..! یـان بڵاویـان دەکـردەوە کـە ئەگـەر کـافران بـە هـۆی هێـزەوە دەسـەڵاتیان لــە دارالاســلامدا گرتــە بەردەســت، مــادام ڕێ بــدرێت موســوڵمانان دروشــمی خواپەرســتیەکانیان بــە ئاشــکرا بکــەن ئیــدی ئــەوە نابێتــە دارالکــوفر، کــە نەشــبووێ جیهــاد فــەرز نابێــت، خــۆ جیهــاد لــە دارالاســـلامدا فـــەرز نابێـــت..! ئیـــدی ئـــاوا ژەهـــری بیـــری خۆیـــان دەڕشــتە دەیــان بــواری دیکــەی تێــڕوانین و هەڵوێســت و ئــەحکامی شــەرعییەوە تــا موســوڵمانان لــە خشــتەبەرن و نەخشــەی خۆشــیان لــە وولاتی موسوڵماناندا بێ ترس و بیم، بێ خەم پیادە کەن..

ئەمـە کۆتـا شـت بـوو کـە دەربـارەی دابـەش بـوونی وولاتـان بـۆ دارالاســـلام و دارالکـــوفر نووســـیم، خـــوای گـــەورەش یارمەتیـــدەر بێت..

وصلى الله علي سيدنا محمد وعلي آله وصحبه أجمعين

# تێبینی